حکومەتی هەرێمی کوردوستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی باخچەی منداڵان

# کۆنترۆڵی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا

ئەم توێژینەوەیە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سلێمانی کراوە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر/پەروەردە/دەرونزانی پەروەردەیی

**لە لایەن**

**ژینۆ عزیز محمد**

**بە سەرپەرشتی**

**پ..د.صابر بکر مصطفی**

1444کۆچی 2022 زاینی 2722کوردی

وته:

**که ڕەشەبا ڕێی پێ گرتی**
**ببە بە شاخ.**
**که شەماڵ هات بە پیرتەوە**
**ببە بە باخ!**

شێرکۆ بێکەس

لە کتێبی" دەربەندی پەپولە"

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نـامەیە بەناونیشـانی (**کـۆنترۆڵی هەڵچـوونی و پەیوەنـدی بە گونجـانی پیشـەییەوە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا**) لەلایەن خوێندکار (**ژینو عزیـز محمـد**) بە چـاودێری مـن لە زانکـۆی سـلێمانی-کـۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتـی- ئامـادەکراوە و بەشـێکە لە پێداویســـــتیەکانی بەدەســـــتهێنانی پـــــلەی[ماســـــتەر] لە بـــــواری پەروەردە/دەرونزانـــــی پەروەردەیی/باخچەی منداڵان.

واژۆ

پ..د.صابر بکر مصطفی

سەرپەرشتیار

بەروار: / /2022

بەپێی ئەو پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

پ..د.صابر بکر مصطفی

سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان

بەروار: / /2022

# بڕیاری لیژنەی گفتۆگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی ( **کۆنترۆڵی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا)** لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (ژینۆ عزیز محمد) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد بڕیارماندا، کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی [ ] بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ دەرونزانی پەروەردەیی/باخچەی منداڵان پێ بدرێت.

سەرۆکی لیژنە

واژۆ:

ناو:

پلەی زانستی:

بەروار: / /2022

ئەندام

واژۆ:

ناو:

پلەی زانستی:

بەروار: / /2022

ئەندام

واژۆ:

ناو:

پلەی زانستی:

بەروار: / /2022

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:

ناو:

پلەی زانستی:

بەروار: / /2022

لە کۆبونەوەی ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لە بەرواری( ) پەسەندکرا.

واژۆ:

پ.د.عەلی قادر عثمان

ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

**پێشکەشە بە:**

- ❖ ئەوینی هەمیشەییم دایکم....
- ❖ هاوسەر و هاورێی ژیانم محمد...
- ❖ ژیمای کچم...
- ❖ هەموو خێزانەکەم...
- ❖ رۆحی کاوەی هەمیشە لە یادم.....

**ژینۆ**

# سوپاس و پێزانین

❖ سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری خاوەن ڕێز ( پ..د.صابر بکر مصطفی)، لە پای سەرپەریشتیکردنی توێژینەوەکە، سەرنج و پێشنیارەکانی نامەکەی بەپێزتر و دەوڵەمەندتر کرد.
❖ سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بەرێز (پ.ی.د حسن فخرالدین خالد) کە دڵسۆزانە پاڵپشتی سەرخستنی توێژینەوەکە بووە.
❖ سوپاس بۆ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەشی باخچەی منداڵان و هەموو مامۆستاکانی ئەم بەشە، کە ئەم دەرفەتەی خوێندنیان بۆ من رەخساند و هاوکارم بوون.
❖ سوپاس بۆ ئازیزترینم (د.حسێن حسێنی)، کە هاندەرم بووە،لە سەرەتاوە تا کۆتایی.
❖ سوپاس بۆ برای هەمیشە پاڵپشتم ( کاک فەریاد).
❖ سوپاس بۆ هاوڕێ ئازیزم (ئاڤان عمر) کە هاوکار و یارمەتیدەرم بووە.
❖ سوپاس بۆ سەرجەرم بەرێوەبەرانی (باخچەی منداڵان) لە پارێزگای سلێمانی بۆ وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاوەرگری و پێشنیاز و ڕاو بۆچوونەکانیان.
❖ سوپاس بۆ سەرجەم ئەو پسپۆر و شارەزایانەی، کە بەشداریان کردوە لە هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاوەرگری و پێشنیارو ڕا و بۆچوونەکانیان بەشدارییان کردووە لە سەرخستنی توێژینەوەکەدا.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەییەوە لای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان،هەروەها زانینی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان، بە پێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی [رەگەز- جۆری باخچە(حکومی و ناحکومی)]، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە، لە بەرئەوەی لەگەڵ ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە و بەدیهێنەری ئامانجەکانی توێژینەوەی توێژەرە.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم بەرێوەبەرانی شاری سلێمانی بۆساڵی خوێندنی (2022-2021)، کە ژمارەیان (78) بەرێوەبەرە، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتوو لە (78) بەرێوەبەر، واتە توێژەر سەرجەم کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی وەرگرت، ئامرازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە فۆرمی ڕاوەرگری بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی (کۆنترۆڵی هەڵچوونی- گونجانی پیشەیی)، پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی لە ( 42) بڕگە پێکهاتبوو ولە لایەن ( زبیر شریف،2022) بە زمانی کوردی ئامادەکرابوو، پێوەری گونجانی پیشەیی لە ( 48) بڕگە پێکهاتبوو ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو، توێژەر پێوەرەکەی ئامادەکرد. لە گرنگترین ئەوە ئامڕازە ئامارییانەی کە بەکارهاتوون بریتین لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن و..)، لەپاش دڵنیابوو لە ڕاستی و جێگیری پێوەرەکان، بە سەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا. بەمەبەستی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS)ی بەکارهێناوە، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:-

1- ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزی بەڵگەداریدا لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی.

2- أ.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

ب. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) .

3- ئاستی گونجانی پیشەیی لە ئاستێکی بەرزی بەڵگەداریدا لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

4- أ.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

ب. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی).

5- پەیوەندیەکی ڕاستەوانە بەڵگەدار نییە لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستووەتە ڕوو.

# پێرستی ناوەرۆک


بڕیاری سەرپەرشتیار ........................................ ب

بڕیاری لیژنەی گفتۆگۆکردن ........................................ ج

پێشکەشە بە ........................................ د

سوپاس و پێزانین ........................................ ه

پوختەی توێژینەوە ........................................ و

پێرستی ناوەرۆک ........................................ ح

پێرستی خشتەکان ........................................ کک

پێرستی پاشکۆکان ........................................ ل

بەشی یەکەم ........................................ 2

کێشەی توێژینەوەکە ........................................ 2

گرنگی توێژینەوەکە ........................................ 3

ئامانجەکانی توێژینەوەکە ........................................ 6

سنووری توێژینەوەکە ........................................ 6

پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە ........................................ 7

بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە ........................................ 11

کۆنترۆڵی هەڵچوونی ........................................ 11

چەمکی هەڵچوونەکان ........................................ 11

جۆرەکانی هەڵچوون ........................................ 12

کۆنترۆڵی هەڵچوون ........................................ 14

بیردۆزە شیکەرەوەکانی کۆنترۆڵی هەڵچوونی ........................................ 16

گونجانی پیشەیی ........................................ 21

چەمکی گونجان ........ 21
ڕێگریەکانی گونجان........ 22
گونجانی پیشەیی........ 23
بنەماکانی گونجانی پیشەیی ........ 23
بیردۆزە شیکەرەوەکانی گونجانی پیشەیی........ 24
پەیوەندی بەڕێوەبەر بە گونجانی پیشەیی........ 28
باخچەی منداڵان........ 29
بەڕێوەبەرێتی باخچەی منداڵان ........ 29
تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبردنی باخچەی منداڵان ........ 29
بوارەکانی گەشەپێدانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان........ 30
توێژینەوەکانی پێشوو ........ 31
توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی هەڵچوونی........ 31
توێژینەوەکانی تایبەت بە گونجانی پیشەیی ........ 33
پوختەی توێژینەوەکان ........ 35
لە ڕووی میتۆدی توێژینەوە........ 35
لە ڕووی نموونەی توێژینەوە ........ 35
لە ڕووی ئامرازی توێژینەوە........ 36
لە ڕووی ئەنجامی توێژینەوە ........ 36
بەشی سێهەم........ 68
ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە........ 68
میتۆدی توێژینەوە........ 68
کۆمەڵگەی توێژینەوە ........ 68
نموونەی توێژینەوە........ 68
ئامرازەکانی توێژینەوە ........ 69

پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی ........................................................................ 69
شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوون ................................. 70
تایبەتمەندی و ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی.............................. 71
فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ ئامادەکردنی پێوانەی گونجانی پیشەیی ................................... 72
شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی گونجانی پیشەیی..................................... 72
تایبەتمەندی و ڕێنمایی بەکارهێنانی پێوانەی گونجانی پیشەیی.................................... 75
جێبەجیکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی کۆتایی...................................... 75
ئامڕازەکانی ئامار کردن ............................................................................. 76
بەشی چوارەم ................................................................................................ 79
خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان ............................................................. 79
دەرئەنجامەکان............................................................................................... 86
ڕاسپاردەکان ................................................................................................. 86
پێشنیارەکان................................................................................................... 87
لیستی سەرچاوەکان ......................................................................................... 88
پاشکۆکان ........................................................................................................ 96

## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناونیشانی خشتەکان | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | پێکهاتەکانی بواری گونجان | 22 |
| 2 | نموونەی توێژینەوە | 69 |
| 3 | هێزی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی | 70 |
| 4 | هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی | 71 |
| 5 | هێزی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی گونجانی پیشەیی | 73 |
| 6 | هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی گونجانی پیشەیی | 75 |
| 7 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانیبە شێوەیەکی گشتی لە پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی | 79 |
| 8 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) | 80 |
| 9 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنتڕۆڵکردنی هەڵچوونی بە پێی جۆری باخچە | 18 |
| 10 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی لە پێوەری گونجانی پیشەیی | 82 |
| 11 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی | 83 |

| | | |
|---|---|---|
| | بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز | |
| 12 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی مندالآن لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی بەپێی جۆری باخچە | 84 |
| 13 | ئەنجامەکانی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی | 85 |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشان | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | نووسراوی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بۆ پشتگیری توێژەر | 97 |
| 2 | فۆرمی شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی | 98 |
| 3 | ڕاستی ئامرازی توێژینەوە (فۆرمی ڕاپرسی) بۆ پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی لە لایەن شارەزایانەوە بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستیان | 103 |
| 4 | پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی و شێوەی کۆتایی | 104 |
| 5 | بڕگەکانی پێوەری (وسام عداد) | 109 |
| 6 | بڕگەکانی پێوەری (الایمان محمود) | 111 |
| 7 | فۆرمی شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەری گونجانی پیشەیی | 113 |
| 8 | ڕاستی ئامرازی توێژینەوە (فۆرمی ڕاپرسی) بۆ پێوەری گونجانی پیشەیی لە لایەن شارەزایانەوە بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستیان | 118 |
| 9 | فۆرمی ڕاوەرگری بۆ گونجانی پیشەیی و شێوەی کۆتایی | 119 |
| 10 | ناوی شارەزایانی ڕاستی وەرگێران | 123 |

# بەشی یەکەم

## کێشەی توێژینەوەکە

## گرنگی توێژینەوەکە

## ئامانجی توێژینەوەکە

## سنووری توێژینەوەکە

## پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە

# بەشی یەکەم

## کێشەی توێژینەوەکە:

دەستپێکی هەر توێژینەوەیەک بریتییە لە بوونی کێشەیەک، دیاردەیەک، یان بابەتێک کە سەرنجی توێژەر ڕادەکێشێت و بیرو هزەی داگیر دەکات، بە جۆرێک، کە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەو بابەتە بە گرنگ و پێویست دەزانێت بۆ ئەمەش ئەو کێشەیە، یان ئەو دیاردەیە لە ژێر ناونیشانی کێشەی توێژینەوە دەخاتەڕوو. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئایا کۆنترۆڵی هەڵچوونی پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە هەیە لەلای بەڕێوەبەرانی باخچەوە؟ یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای کرد توێژەر هەستێت بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، هۆکاری خودی بوو، واتە حەز و خولیای توێژەر بۆ بابەتەکە و ئەنجامدانی پرۆسەکە بە گشتی، و هەروەها هۆکاری بابەتی بوو، بەو مانایەی توێژەر هەوڵ دەدات ئەوە بزانێت لەم سەردەمی جەنجاڵی و پێشکەوتنەدا هەڵچوونەکان ڕۆلیان هەیە لەوەی گونجان ڕووبدات لە دونیای کارو پیشەدا، و بە پێچەوانەشەوە دونیای کارو پیشە چ کاریگەریەکی دەبێت لە سەر هەڵچوونەکانی مرۆڤ.

لە ڕاستیدا ئەوە ڕون و ئاشکرایە ژیانی ئیمرۆ بێ پیشە و کار نابێت، واتە هەر تاکێک بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵاوی دونیای کارو پیشە دەبێت، بۆیە لەم تێکەڵاو بوونەدا دەبێت بتوانرێت گونجان بێتەدی لەگەڵ کارەکەدا. پیشە بەشێکی سەرەکی ژیانی هەموو تاکێکە، بوون بە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانیش پێگەیەکی کارکردنە کە تاکی بەڕێوەبەر بۆئەوەی بتوانێت ئامانجە تایبەت و گشتیەکانی پەروەردە بەدیبهێنێت دەبێت گونجانی هەبێت لەگەڵ کارەکەیدا و دەبێت ڕێبەرو ڕابەرێکی کارامەو کاریگەر بێت و کەسێک دابنرێت کە توانا و شایستەیی گونجاویان هەیە و لە گەڵ ماهیەتی گۆڕانە پەروەردەیی و فێرکاریەکان هاوئاهەنگیان هەبێت، لێرەوە بەوە دەگەین کە بڵێن دەبێت گونجانی پیشەییان هەبێت، بەو واتایەی کە گەر گونجانی پیشەیی بونی هەبێت ئەوە ئامانجە دیاریکراوەکانی پەروەردە و فێرکردن وەدی دێن و لێرەدا کە کەسی بەڕێوەبەر بۆئەوەی ئەو گونجانە بهێنێتە ئاراوە وا پێویست دەکات کە ڕێکخستن بۆ هەڵچوونەکانی بکات بە جۆرێک بە پێی هەڵوێستە جیاوازەکان و مامەڵە جیاوازەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بتوانێت دروسترین و باشترین ڕەفتار نیشان بدات تا دۆخەکان بە باشی کۆنترۆڵ بکات. لێرەدایە گرنگە بزانرێت کە بەڕێوەبەر تا چەند توانای ڕێ کردنی هەیە لە گەڵ ئەم دۆخە جیاوازنە و ئاستی گونجانی پیشەیی لە کوێدایە، لە بەرئەوەی ئەنجام دانی هەر ڕەفتارێک بە شێوەی ئۆتۆ کاریگەری دەخاتە سەر هەموو دەوروبەری ئەو بەڕێوەبەرە، هەر لە دەستەی کارگێڕیەوە بیگرە تا هەموو مامۆستایان و منداڵانی باخچە و هەریەکە لە خێزانی

هەمـــوو ئەمـــانەش، لەبەر ئەوەی ئەو پـــێگەیەی کە کـــاری بەڕێـــوەبردنی تێـــدا ئەنجـــام دەدات کاریگەری هەمە لایەن دادەنێت و پێویستی بە هەڵوێست و ڕەفتاری بەرپرسانە هەیە.
گەر هاتوو گونجانی پیشـەیی نەبوو لە لای تـاک وەک بەرێوەبەر ئەوە ئامـانجە پەروەردەیـی و فێرکاریەکان دەستەبەر نابێت، هەروەهـا گروپی کـارگێری بـاخچەی منداڵان ئەرکەکـانی خۆیـان بەباشـی ڕایـی نـاکەن، واتە بە شـێوەیەکی گشـتی شـێواندن و نـارێکی دروسـت دەبێت، بەڵام بە بوونی ئەم گونجانە ئەوە ئامانجەکان بە جوانی بەدیدێن و کەشێکی ئارام لە ژینگەی باخچەکەدا دروسـت دەبێت. گونجـانی پیشـــەیی و کـۆنترۆڵی هەڵچـوونی لە پەیوەندیـدان لەگەڵ یەک، بەو مانایەی کە تاک گەر بتوانێت کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی خۆی بکات بە پێی وێستگە جیاوازەکـان کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە ئەوە دەکرێت لەگەڵ پیشەکەیشیدا سازانی هەبێت.
لەبەر ئەم هۆکـارانە و لە ئەنجـامی تێبینیکردنـی تـوێژەر بـۆ شـێوازی کـاری بەڕێـوەبردن کە مـاوەیەک لەو پۆسـتەدا کـاری کـردووە، بۆیە تـوێژەر هەوڵـی داوە کە لەم بـارەیەوە تـوێژینەوە ئەنجام بدات و و وەڵامێکی زانستیانە بۆ کێشـەی سـەرەکی توێژینەوەکە بدۆزێتەوە، کە بریتیە لە:-
ئایـا پەیوەنـدی هەیە لە نێـوان کـۆنترۆڵی هەڵچـوونی وگونجـانی پیشـــەیی لای بەڕێـوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی؟
بەشەکانی پرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە:-
1- ئایـا کـۆنترۆڵی هەڵچـوونی لای بەڕێوەبەرانی بـاخچەی منـداڵانی شـاری سـلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟
2- ئایـا گونجـانی پیشـــەیی لای بەڕێـوەبەرانی بـاخچەی منـداڵانی شـاری سـلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

هەر تـوێژینەوەیەکی زانسـتی بە پێـی سروشـتی خـۆی و بـابەتی تـوێژینەوەکەی گرنگـی تـــایبەت بە خـــۆی هەیە. تـــوێژەر لە ڕێگـــای ئەنجامـــدانی تـــوێژینەوەوە هەوڵـــدەدات کێشـــە و ئاریشـــەکان بناســـێنێت و بە دوای ئاســـت، هۆکـــار و چارەســـەرەکانی ئەم کێشـــانەدا بگەڕێـــت و لەگەڵ ئەوەشـدا بەم تـوێژینەوەیە تـوێژەر دەتوانێـت سـەرنجی ئەوانەی ئـارەزووی کاروبـاری پەروەردە دەکەن بوروژێنێت، لەوانەش بەرپرسان و سەندیکاکان و توێژەران، بۆ هەریەکێک لە گرنگی ئەم دوو گۆڕاوە کە تـوێژەر کـاری لە سـەر دەکـات، لە لایەکـی تـرەوە زانینـی کێشـەکانی کاری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە ناوەڕۆکی پیشـەکەدا و هەروەهـا زانینـی داواکاریەکانیـان جا داواکاری کۆمەڵایەتی بن وەک خـانووبەرە و باشـترکردنی مووچە، یـان داواکـاری پیشـەیی وەک باشـترکردنی بـارودۆخی کـارکردن و چـالاککردنی... یـان داواکـاری پەروەردەیـی بـن بـۆ

باشترکردنی لایەنە پەروەردەو فێرکردن. هەروەها سەرەڕای فرەیی توێژینەوەکان لە سەر دوو گۆراوی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی کە ئەنجام دراوە بەڵام نەبەستراوەتەوە، بە بەڕێوەبەرەوە، ئەمەش وایکردووە ئەم توێژینەوەیە ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو، بە تایبەت بۆ ژینگەی هەرێمی کوردستان و عراق بە گشتی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە  کە ئەم کارامەییە(کۆنترۆڵی هەڵچوونی) کاریگەری جۆراوجۆری هەیە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ، کارلێکەکانی نێوان کەسەکان، تەندروستی دەروونی و تەندروستی فیزیکی و جەستەیی مرۆڤ( Dunham ,other 2008:248:) هەڵچوونەکان لە ژیانی تاکدا چەندین ڕۆڵ و ئەرک دەگێڕێت، وەک بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان کەسەکان و باشترکردنی تەندروستی و کاردانەوە چۆنایەتییەکان بە تایبەت مەعریفی، بەو پێیەی ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر هەیە کە تاک دەتوانێت لە ڕێگەیەوە هەستەکانی ڕێکبخات و دروست کردنی وێنایەکی زەینی و هەوڵدان بۆ گەشتن بە هەموو ئامانجە ڕێکخراوە تاک و کۆکان لە کاری بەڕیوەبردندا، پێویستی بە هاوئاهەنگی و کۆرەنگی تاکی بەرێوەبەر هەیە لە کۆی کاروبارەکانیدا و بۆ وەدەیهێنانی ئەمەش پێویست بە زەینێکی ڕێکخراو و ئەهوەن هەیە، بە جۆرێک بتوانرێت ئامانجە دیاریکراوەکانی کار بەدیبێن و ئەوەی پێویست بێت ئەنجام بدرێت کە هەموو ئەمانەش ڕون و ئاشکرایە گرنگی کۆنترۆڵی هەڵچوونی دەردەخەن، هەروەک چۆن هەڵچوون بەشێکی دانەبڕاوی مرۆڤە و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە(Purnamaningsih,2017:53) بەم شێوەیە کاریگەری هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەردەکەوێت ئەگەر لە ڕێگەی ستراتیژییە ئەرێنییەکانەوە بە باشی ڕێک نەخرێن، کە دەبێتە هۆی جێگیربوون لە بەرامبەر تەحەددیاتەکاندا و بەدەستهێنانی سەرکەوتنە پەروەردەییەکان (Fredrickson,2003 :2015).

توێژینەوە ولێکۆڵینەوە جیاوازەکان جەختیان لەسەر گرنگی گونجانی پیشەیی کردۆتەوە لەدوو لایەنی سەرەکیەوە، یەکەم فەرمانبەر: ئەمەش بە تێڕامان دەربارەی گونجانی پیشەیی کە دەیخاتە ناو دەروونی تاکەوە لە ئەنجامی گیانی مەعنەوی بەرزەوە و تێرکردنی پێویستیەکانەوە دروست دەبێت و لە دواییدا سەردەکێشێت بۆ کێبڕکێ وداهێنان وچالاکی (سمیە،35:2020). و دووەم بەرهەمهێنان: هەرکاتێک گونجانی پیشەیی زیادی کرد، ئەوکات هەوڵ و کۆشش ئەنجام دەدرێت بۆ دەستکەوت و بەرهەمهێنانی زیاتر. (موسی، 65:2010).

ئاشکرایە کە گونجان واتە ڕازیبوون لەخود و  هەبوونی ئارامی دەروونی و دڵنیابوون. هەستکردن بە توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا و ئەو ڕەوایەی کە کۆمەڵگا دایدەنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ژینگە وەک ئامرازێک بۆ پرۆسەی تێرکردنی

پێداویستییەکانی تاک کاتێک پاڵنەرەکانیان دەوروژێت. هەروەها گونجانی پیشەیی گرنگیەکەی لە دوو لایەن دەردەکەوێت یەکەمیان فاکتەر (هۆکار) کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە گونجانی پیشەییدا، چونکە ئیلهامبەخشە لە تاکدا بە مۆراڵێکی بەرز بۆ بەدەستهێنان یان دەستکەوت وتێرکردنی پێداویستییەکان، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ دەستپێشخەری و داهێنان کردن. و دووەمیان دەرئەنجام: تا پیشەکە گونجاوی زیاتر بێت، زیاتر دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان، چ لە ڕووی چۆنایەتی و چ لە ڕووی چەندایەتییەوە، هەروەها پاشەکەوتکردنی هەوڵ و کات و تێچوون.(الزبیدی،320:2018) کەواتە بە پێی ئەم دەربرینانە بێت گرنگی گونجانی پیشەیی بۆ تاکێک کە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانە ڕوون و ئاشکرایە. هەروەک چۆن بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی پێش قوتابخانە (باخچەی منداڵان) لە سروشتی قۆناغی تەمەنی منداڵەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم قۆناغە یەکێکە لە هەرە گرنگ و مەترسیدارترین سەردەمی ژیانی مرۆڤ، بۆیە پێویستی بە چاودێری تایبەت هەیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی پێدا تێپەر دەبێت، هەروەها جیاوازی تاکایەتی لە نێوان منداڵاندا لەبەرچاو دەگرێت، ئەم قۆناغەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە (عدس،.366:2009) بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان نوێنەرایەتی بەرزترین دەسەڵاتی کارگێری دەکات لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی لە ناو باخچەی منداڵاندا، بۆیە بەرپرسی یەکەمە لە ڕادەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە سیاسەتی خوێندنی باڵا دایدەنێت بۆ باخچەی منداڵان هەروەها بەرپرسە لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی باخچەی منداڵان، هەروەها بەرپرسە لە ئاستی ئەدای ئەندامانی لەهەر کاتێکدا کە بکرێت، بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان دەزانن کە ئەوان بەرپرسن لە پلاندانان و دەرهێنان و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکە بۆ ئەوەی بەرپرسیاربن لە ئەنجامدانی پەروەردەکردنی منداڵ بە ئامانجی پەروەردەکردنیان بە پێی بنەماپەروەردەییەکان (حەمە،9:2021)

توێژەر وای دەبینێت کە ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ زانینی بارودۆخی ئەدای بەڕێوەبەرەکان لە کارەکانیان و هەروەها بۆ بینینی واقیعی پەروەردە لە باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی و هەروەها لە نزیکەوە بەرکەوتن بە پیشەی بەڕێوەبەری باخچەکانی منداڵان و زانینی گرنگترین ئاستەنگ و ئاستەنگەکانی بەردەم بەڕێوەبەر لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا، بەتایبەت نەبوونی ڕوونی و شەفافی سەبارەت بەوەی کە لەم سەردەمەدا گۆڕانکارییە پەروەردەییەکانی ئەمڕۆ چی دەخوازرێت.

لە ژێر رۆشنایی سەرچاوەو توێژینەوەکاندا توێژەر گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا دەخاتە ڕوو:-

1- لەم توێژینەوەیەدا پێوەرێک کە هەڵگری تایبەتمەندی سایکۆمەتریە بۆ کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی دەخرێتە ڕوو بۆ بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان.

2- توێژینەوەکە گرنگە بۆ توێژەرانی بواری پەروەردەی و دەروونی لە داهاتوودا توێژەرانی ئەم بوارانە سودی لێوەردەگرن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە.

3- توێژینەوەیەکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردن و زیادکردنی سەرچاوەی زانستی، وەک توێژینەوەی پێشوو لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا بەکاربهێنریت.

4- توێژینەوەیەکی گرنگە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پەروەردە، بە دانانی کۆمەڵە پێوەرێک بۆ دیاری کردنی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی بەڕێوەبەرانی ناوەندە پەروەردەییەکان و هەروەها کردنەوەوی کۆمەڵە خولێک، بۆ زیاد کردنی ئاستی ئاگایی بەڕێوەبەران لە سەر چۆنیەتی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

ئامانجی دووەم: زانینی جیاوازی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی:

ا. ڕەگەز (نێرو مێ) .

ب. جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی).

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

ئامانجی چوارەم: زانینی جیاوازی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی بەپێی گۆڕاوی:

ا. ڕەگەز (نێرو مێ) .

ب. جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی).

ئامانجی پێنجەم: دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی وگونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

## سنووری توێژینەوەکە:

- سنووری بابەت: کۆنترۆڵی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا.
- سنووری مرۆیی: بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوا (حکومی و ناحکومی).
- سنووری کات: ساڵی خوێندنی (2022-2021).
- سنووری شوێن: باخچەکانی منداڵانی شاری سلێمانی، لە سنوری هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا (حکومی و ناحکومی).

## پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە :

## کۆنترۆڵی هەڵچوونی:

1- (Gratz& Roemer,2004):

بریتیە لە تونای ڕووبەڕوو بونەوەی هەڵچوونەکان، و کۆنترۆڵ کردنی هەواڵە هەڵچوونیەکان، و وەڵامدانەوەی هەڵچوونەکانی بەرامبەر، هەروەها کۆنترۆڵی هەڵچوونی دەیگرێتەوە هۆشیاری و تێگەیشتنی هەڵچوونەکان و قەبوڵ کردنیان. و توانای بڕیاردانە لە سەر پاڵنەرەکان، و توانای بەکارهێنانی ستراتیژیەکانی کۆنترۆڵی هەڵچوونی بۆ چاکسازی کردن لە وەڵامدانەوە سۆزداریەکان بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی تاک ( Gratz & Romer, 2004, 45).

2- ( Riggio,2005):

مەبەست لە توانای تاکە بۆ کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی دەربڕینە هەڵچوونیە نازارکیەکان، شاردانەوەی هەڵچوونەکان و هەستەکانە لە ژێر دەمامەکێکی گونجاو بە پێی هەڵوێستە کۆمەڵایتیەکان کە ڕوبەڕووی دەبێتەوە. ( Riggio,2005:27)

3- (O'Neil,2015):

بریتیە لە توانای ڕوبەڕوو بوونەوەی هەستەکان و ڕێکخستنیان بە شێوەی تەندروست و ئاشکراو و ڕوون (O'Neil, 2015, 23 )

4- (Underwood & lisa,2011):

پرۆسەگەلی دەماری و دەروونی و هۆشەکی و رەفتاری، و کارامەیی و ستراتیژین، کە تاک پێی هەڵدەستێت لە ئاگایی و بێ ئاگاییدا، بە شێوەی ئۆتۆماتیک یان هەوڵ وکۆشش، بە مەبەستی چاکسازی یان دامرکانەوەی دەڕبرینە هەڵچوونیەکان (Underwood & lisa, 2011: 51).

### پێناسەی ڕێکاری:

بریتیە لەو نمرەیەی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەیاندا لەسەر بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە پێوانەکردنی کۆنترۆڵی هەڵچوونی وەریدەگرێت.

## گونجانی پیشەیی:

1- (المهنا،2001):

هەستی تاکە لە سەر ئەو بنەمایەی تا چەند سازان هەی لە نێوان بارودۆخی دەرونی تاک و مەیلی ئەو لە گەڵ داواکاریەکانی پیشەکە، و تاک پیشەکەی وەک ئامانجێکی کەسی ببینێت. هەروەها ڕەزامەندی تاک لە هاوکاران، بەرپرسان، ژێردەستان بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە پێکەوە کار دەکەن. لە گەڵ ئەوەشدا هەبوونی هەستی دڵنیایی تاک لە پیشەکەی بە جۆرێک

ئەوەی کە ژیان دەیەوێت، پیشەکەی دەتوانێت بۆی دەستەبەر بکات . و لە کۆتاییدا هەبوونی وەفایە بۆ پیشەکەو ئامانجی پیشەکە (المهنا،80:2001)

2- (فرج، 2001):

گونجانی تاکە لەگەڵ دونیای کاردا. گونجانی تاک لەگەڵ ئەو هۆکارە ژینگەییە جۆراوجۆرانەی کە لە شوێنی کارەکەیدا دەوری دەدەن، گونجانی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم هۆکارانەدا ڕوودەدەن بەدرێژایی ماوەیەک، و گونجاوییەکەی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خۆیدا دەگریتەوە، خودی کارەکە، گونجانەکەی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی بازاڕدا تایبەت بە کارەکە، گونجاوی لەگەڵ تواناکانی خۆی، لەگەڵ مەیلەکانی و لەگەڵ میزاجەکەی (فرج،74:2001)

3- (فحجان،2010)

بریتیە لە پرۆسەیەکی بەردەوام کە تاک پێی هەڵدەستێت بۆئەوەی بتوانێت سازان وگونجان دەستەبەر بکات لە نێوان خۆی و ئەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکات (فحجان،30:2010)

4- (ندی و العکر،2017):

بریتیە لە پرۆسەیەکی داینامیکی و بەردەوام کە تاک پێی هەڵدەستێت، بە ئامانجی گەشتن بە گونجان و هاوئاهەنگی لە گەڵ ژینگەی پیشەو هاوپیشەکاندا و پارێزگاری کردن لێی ( ندی و العکر، 15:2017)

**پێناسەی ڕێکاری:**

بریتیە لەو نمرەیەی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەیاندا لەسەر بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە پێوانەکردنی گونجانی پیشەیی وەریدەگرێت.

### بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان :

**1- ( الخثیلة، 2000):**

بەرپرسیارە، لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانەوە دەستنیشان دەکرێت، ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات کە پێی دەدرێت و دەبێت لە ڕووی پەروەردەیی و زانستی و رۆشنبیریەوە لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەی منداڵانی تازە پێگەیشتوو شارەزا بێت (الخثیلة،90:2000)

**2- (حسن،2015):**

ڕابەرو پلاندانەرو ڕێکخەرو سەرپەرشتیاری بەرێوەبردنی چالاکیە ڕۆژانەییەکانی باخچەی منداڵانە،هەروەها ڕێکخستنی چالاکییەکانی منداڵ و کارلێک لەگەڵ مامۆستاکان، ڕێکخستنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی هونەری و پەرەسەندنی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆی لە باخچەی مناڵاندا (حسن،14:2015)

## باخچەی منداڵان:

1- (عدس،2001) :

ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەن کە ئامانجیان بەدیهێنانی گەشە و کامڵ بوون وهاوسەنگی منداڵانە بە هەموو جۆرەکانیانەوە، بە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی تواناکانیان و بەهرە جۆراوجۆرەکانیان(عدس،62:2001)

2- (بۆکانی،2020):

باخچەی منداڵان دەزگایەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە ئامانجی گەشەیەکی تەواوو هاوسەنگە لە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئامانجی بەرزکردنەوەی توانـاو و بەهـرە جیاوازەکـانە لە رێـگەی یـاری و چـالاکی ئازادانەوە.(بۆکانی،56:2020)

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

کۆنترۆڵی هەڵچوونی

گونجانی پیشەیی

باخچەی منداڵان

بەڕێوەبەرێتی باخچەی منداڵان

توێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### کۆنترۆڵی هەڵچوونی:

### چەمکی هەڵچوونەکان:

هەڵچوونەکان جۆرێک لە جوڵە بەژیانی مرۆڤەکان دەبەخشێت، کە دەبێتە مایەی هەمەجۆری ونوێبوونەوەی ژیان ، ژیان لە ماوەیەک بۆماوەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت ئەمەش بەهۆی هەبوونی هەڵچوونەکانەوەیە، بێ بوونی ئەم هەڵچوونانە ژیانی مرۆڤ توشی چەق بەستوویی دەبێت، خۆ ئەگەر دەروونی تاکەکان بەدەر بوو لە هەڵچوونەکان ئەوکات وەکو ئامرازێکی لێدێت کە هەست بەدەوروبەری ناکات وبێ هەڵوێست دەبێت، کەواتە ژیانی تاکەکان بەبێ بوونی هەڵچوونەکان مۆرکی مرۆیی لە رەفتارمان نامێنێت و وەک مرۆڤی ماشینیمان لێدێت کە هەمووجۆرە ڕەنگێکی جوان وقەشەنگ لەدەست دەدات، ناگونجێت بێ ئاگابین ونەزان بین دەربارەی هەڵچوونەکان چونکە بەشێوەیەکی ڕۆژانە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی تاکەکان.

هەڵچوونەکان ئەزموون، یان دۆخێکە کە سیمایەکی ویژدانی هەیەو لە بنچینەدا دەروونییە و لە رەفتارو ئەرکە فسیۆلۆجییەکاندا دەردەکەوێت. ووشەی ویژدانی ئاماژەیە بۆ لایەنی چێژ و خۆشی و ئازارو ژان، بەڵام دەستەواژەی لە بنچینەدا دەروونییە واتا لە دەروونەوە سەرچاوە دەگرێت و لایەنی فیسیۆلۆجی ناگرێتەوە(وەک برسێتی). ئاستەمە لە هەڵچووندا گۆڕانکاری لە ڕەفتارو لە ئەرکە فسیۆلۆجییەکان (هەناسەدان و لێدانی دڵ و سوڕانی خوێن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما..هتد) جیابکرێنەوەو هەریەکەیان لە سنووری خۆیاندا دابنرێن چونکە جەستە وەک یەکەیەکی سەربەخۆو گشتگیر وەڵام بە هەڵچوونەکان دەداتەوەو تەنها لە ڕوی تیۆریەوە ئەو جیاکارییە ئەنجام دەدرێت (بۆکانی،366:2020)

هەڵچوونەکان  بەشێکی گرنگ و بنچینەیی ژیانی مرۆڤن، بەجۆرێک زەحمەتە ژیان بەبێ ئەوان وێنا بکەین. تایبەتمەندی و گۆڕانی هەڵچوونەکان، چۆنیەتی پەیوەندی سۆزداری و تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەستی ئەوانی تر ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەشەکردن و ڕێکخستنی کەسایەتی، پەرەسەندنی ئەخلاقی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دروستبوونی شوناس و چەمکی خود (لطف ابادی651:2001).  کوالێتی ژیان ڕەهەندی جیاوازی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە کە بوارێکی فراوانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە(shrape,other,2018:659).

باس وخواس لەسەر هەڵچوونەکان وامان لێدەکات کە گرنگی بدەین بەتوانا ولێهاتووییە خودی ویژدانیەکان کە هاوڕێن لەگەڵ هەڵچوونەکان، بەجۆرێک کارامەیی هەڵچوونەکان بەوە جیادەکرێتەوە کە لێهاتووییەکی خودییە نەک ویستی (لا إرادیە) کە خاوەن بارگەی نەرێنی یان ئەرێنی وکاریگەرە بەهۆی هەست ونەستەکانی تاک لەکاتی هەڵوێستیە دەرەکیەکان، ئارەزووەکانیش کاریگەرن بەهۆی کارەکانەوە، و وابەستەیە بە بوونی بەرچەکردارە

جیاوازەکانەوە (الزغول والهنداوی،434:2014).  هەڵچوونەکان لەئەنجامی هەستکردن بە توڕەیی، ترس، غیرە یان هەر لێهاتووییەکی دەروونی ویژدانیەوە دێنە بوون، هەستی تاکەکانیش لەئەنجامی بوونی ئەو هەڵوێستانەی کەبوونیان هەیە لەدەوروبەر یان پەیوەندیەکان بە کەسانی ترەوە دەوروژێت، ئەم وروژێنەرانەش هەندێکجار دەگونجێت ڕەمزیی وزانراو بن، بەرجەستە بێت لە وشەیەک یان یادەوەریەکی دوور، مرۆڤ هەندێ جار کە تووڕە دەبێت بەهۆی بینینی دوژمنەکەیەتی، یان بەهۆی خوێندنەوەی نوسراوێکەوەیە، یان هەندێک بیرۆکەی ناحەزی بەمێشکی دا دێت، ئەوکات ئەم تاکە وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ ئەم وروژێنەرە جیاوازانە ولەناخیدا دەکوڵێت، هەربۆیەش شوێنەواری ئەم وروژاندنە لەڕەنگ ورووی‌دا ڕەنگ دەداتەوە (مجید، 2009، 263)

**جۆرەکانی هەڵچوون:**

هەڵچوونەکان لەنێوان خۆیاندا چوون بەیەکدا ، هەربۆیەش دەبینن کە هەڵچوونی سەرەتایی یان سادەمان هەیە وەکو ترس وتوڕەبوون وخۆشی، هەروەها هەڵچوونی ئاڵۆز و چەقبەستووشمان هەیە، کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی دوو هەڵچوونەوە یان زیاتر دروست دەبێت وەکو غیرەکردن وسەرسوڕمان، بە پێی سروشت و توندیان جیاوازن لەیەک، هەروەک چۆن توڕەبوون هۆکارێکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەییەکی هەڕەشەلێکراو، وەڵامدانەوەیەکی کتوپڕ ورەفتارێکی دژە ئامێز لەخۆدەگرێت لەبەرانبەر هەڕەشەکان، ئەم توڕەبوونە گۆرانکاریە فسیۆلۆجیەکانیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت بۆئەوەی تاکەکان ئامادە بکات بۆ ڕەفتارێک کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە هەڕەشەلێکراوەی کە تێیکەوتووە، بەڵام خۆشەویستی چالاکی یان جوڵەیەکە لەناو بوونەوەرەکاندا هەیە وبەهۆیەوە کەسێک لە کەسێک نزیک دەبێتەوە، یان هەنگاو دەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە لەلای خۆشەویستە. خۆشەویستی کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان، منداڵ بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستی بە خۆشەویستیە، پاشان ئەم خۆشەویستیەی دەگوازرێتەوە بۆ دایکوباکیووە ئەوانەشی کە لەدوروبەرین، وە کاتێک لەم کەشە خۆشەویستیەدا مایەوە ئەوکات بەشێوەیەکی سروشتی کەسایەتیەکەی گەشە دەکات، بەڵام ئەگەر بێ بەش بوو لەم خۆشەویستیە ئەوکات هەست بە ترس ودوو دڵی دەکات، ئەوکات کاریگەریەکی خراپی دەبێت لەسەر گەشەسەندنی کەسایەتیەکەی و زیاتر وایلێدەکات کە ڕووبەڕووی شپرزەیی ونیگەرانی ونەخۆشیە دەروونیەکان ببێتەوە (کنانی وئەوانی تر، 2002: 416-409).

هەروەها بوونی ترس لەناخی مرۆڤەکاندا شتێکی سروشتیە  چونکە مرۆڤ هەر لەکاتی لەدایک بوونیەوە ئەم ترسەی هەیە، وە ئەم ترسەش هەر لەماوەی چەند مانگی یەکەمی لە ژیانی منداڵەکەدا دەردەکەوێت، وە گرنگترینی هۆکارەکانی دروست بوونی ترسیش بریتییە لە

دەنگی بەرز ونەبوونی پاڵپشتی وبوونی چەند ڕووخسارێکی نامۆ کە پێشتر لەگەڵیان ڕانەهاتبوو ونەیبینیبوون. ئەوەی کە شایەنی باسکردنە دەربارەی ترس ئەوەیە کە ترس خاوەن تایبەتمەندیەکی خۆیەتی کە ئەویش بریتییە لە چوونەوە ناویەک وپاشەکشەکردن لەلایەن مرۆڤەکانەوە، وە لەهەندێک کاتیشدا تووشی ڕاکردن ودوورکەوتنەوە دەبێتەوە (الداهری، 2008: 124)، ئەو دەرئەنجامە وروژێنەرانەی کە لە ئەنجامی ترسەوە پەیدا دەبێت بەگوێرەی گرنگیان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت هەرکاتێک تاک بەشێوەیەکی پلەبەندی بە پێی تەمەنی گەشەی سەند، ئەوکات ئەو شتانەی کە لەناکاو ڕوودەدەن وپێشبینی نەکراوون ئەوە لەوانەیە بەنسبەت منداڵێکەوە شتانێکی ترسێنەربن، و لە هەمان کاتدا بەنسبەت کەسانی هەرزەکار وپێگەیشتوو وانەبن، واتە وروژێنەر وترسێنەر نین (صالح،69:2010).

بوونی خۆشی وشادی وبەختەوەری دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی ڕازیبوونی تاکەکان، وهەرکاتێک بەنسبەت تاکەکانەوە پاڵنەرەکان بەهێز وقوڵ بون ئەوکات دەتوانێت زیاتر لێهاتووتر بێت لەسەر هەندێک ئەو خۆشیانەی کە هەیەتی، ئەمجۆرەی هەڵچوونە لەچەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت وەکو: خۆشیەکی زۆر یان مەستی (غباری وئەوانی تر، 2008: 280). بەڵام دڵتەنگی پێچەوانەی هەڵچوونی بەختەوەریە، ئەمجۆرەیان لەئەنجامی لەدەستدانی خۆشەویستان یان لەدەستدانی کاریگەری کۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێت، پێچەوانەی هەڵچوونی ترسە کە تاک سەیری تەواوبوونی داهاتووی خۆی دەکات، بەڵام دڵ تەنگی وا لەمرۆڤەکان دەکات کە بیر لەڕابردوو بکاتەوە وبیر لە ئازار وناخۆشیەکان وناڕەحەتیەکانی ڕابردووی بکاتەوە (الریماوی وئەوانی تر، 2011: 239). لە لایەکیترەوە هەڵچوونی ڕاڕایی بریتییە لە ترسان لە ڕوودانی مەترسیەک، بوونی ئازارێک، یان بوونی سزایەک کە دەگونجێت ڕووبدات بەڵام کەسەکە دڵنیا نییە لەڕوودانی هەروەها هەستکردن بە تاوان وپەشیمان بوونەوە، لەم کاتەدا تاک لەناخیدا ڕازی نییە بەئەنجامدانی ئەم کارە جا کارەکە کۆمەڵایەتی، ئاکاری، یان ئایینی بێت (رمضان والصباغ، 2000: 78).

هەڵچوونی ئەرێنی شێوەیەکە لە وزەی کارا و چالاک، و تەرکیزێکی بەرز و سەرقاڵبوون بە چێژەوە ئەو کەسانەی کە هەڵچوونی ئەرێنی بەرزیان هەیە، ئەوە بە جۆش و خرۆشەوە چالاکانە متمانە بە ژیان دەکەن و چێژی لێ وەردەگرن و لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانیاندا باوربەخۆبوون و هەستی ڕەزامەندیان هەیە، ئەم کەسانە حەز بە ئەزموونی ورووژێنەر دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی هەڵچوونی ئەرێنی کەمیان هەیە وزە و حەماسەت و متمانەیان نییە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەکشێنەوەو گۆشەگیرن و بەگشتی بۆئەوەی چالاکانە لەگەڵ ژینگەکەیاندا تێکەڵ بن ترسیان هەیە و لە هەرەشەدان، هەروەها ئەو کەسانەی کە هەڵچوونی نەرێنی بەرزیان هەیە، مەیلیان هەیە ناڕازی بن و تێڕوانینێکی نەرێنییان بەرامبەر خۆیان هەیە

(بخشی پور،5:2005). هەڵچوونی ئەرێنی ئاماژەیە بۆ هەستی خۆشی ڕۆژانە، ئەوکاتەی کە تاکەکان هەستێکی خۆشیان هەیە ئەوە کۆمەڵایەتی و داهێنەر دەبن و لە بڕیارداندا کارامەن، هەڵچوونی ئەرێنی کاریگەری لەسەر پرۆسەی مەعریفی وەک یادەوەری و حوکمدان هەیە، لە ئەنجامدا ئەو کەسانە هەست بە باشی دەکەن وبیرکردنەوەی خۆش و یادەوەرییە خۆشەکان زیاتر دەستیان پێدەگات٠(محمدی،5:2005)

**کۆنترۆڵی هەڵچوون:**

هەروەکو (Ekman: 2013: 15) پێی وایە کە هاوسەنگی هەڵچوونیی بریتییە لە ڕێکخستنی هەست ونەستەکانی تاکەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەستە لەناوبەر وڕوخێنەرەکان وسلبیەکان، وە کارکردن لەسەر زیادکردنی هەستەوەرە سۆزداریەکان بەمەبەستی دروستکردنی هەستە ئیجابیەکان. یان ئەو دۆخە سەقامگیرییە دەروونییەیە، کە زانایانی دەروونشیکاریی بە بنەمای جێگیری هەڵچوونی ناوی دەبەن (خالدی،49:2002)

هاوسەنگی هەڵچوونی پوخت دەکرێتەوە لەوەی کە پێگەیەکی گەوهەری داگیرکردووە لە ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگادا، بەجۆرێک کە پەیوەستە بە ئاستی خۆگونجاندنی تاکەکە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، هەربۆیەش پێویستە لەسەر تاک کە چێژ وەربگرێت لە توانا بەرزەکانی تاوەکو بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەستەکانی وهەڵچوونەکانی و توانای بڕیاردانی هەبێت (Bhagat,2015:12) وهاوسەنگی هەڵچوونی توانای تاک دیاری دەکات لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەڵچوونەکانی کە لەکاتی بارودۆخە جیاوازەکاندا تووشی دەبێت وەکو: هەستی دوو دڵی وداڕووخان وترس وخەمۆکی ولە هەمان کاتدا یارمەتی کەسانی تریش دەدات ( Judge & Bono, 2001: 80)

بێگومان هۆکارەکانی پێگەیشتوویی هەڵچوونی خۆی مەڵاس داوە لەپشت شێوازە جیاوازەکانی هەڵچوون لای تاکەکان، چەند هەڵچوونێک بوونیان هەیە کە ئێمە تێبینیان ناکەین لەلای منداڵان، پاشان کاتێک کە دەگەنە پلەیەکی دیاریکراوی گەشەسەندن وپێگەیشتوویی ئەوکات ئەم هەڵچوونانە دەردەکەوون، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پێگەیشتویی لەکاتی گەورەبوونی تاکەکاندا زیاد دەکات و لە رەفتارەکانیادا دەردەکەوێت و یارمەتی دەرێکی کارای تاکەکانە کە بتوانن بەشێوەیەکی ورد گوزارشت لە هەڵچوونەکانیان بکەن. لەڕاستیدا هیچ هاودەنگیەک نییە لەنێوان زانایاندا دەربارەی پێگەیشتوویی هەڵچوونی وناوەڕۆکەکەی، بەڵام بەشێوەیەی گشتی دەتوانین لەسەر کۆمەڵێک پێکهاتە ڕێکبکەوین ئەگەر کۆبوونەوە ئەوکات بەواتای پێگەیشتوویی هەڵچوونی دێت، ئەوانیش لەلایەک گونجاوی هەڵچوونین، واتە کەسی پێگەیشتوو پێویستە وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ ئەو بارودۆخانەی کە دێنە پێشی بەشێوەیەکی گونجاو واتا نە زیادەڕەوی بکات نە کەموکورتیش بنوێنێت لە هەڵچوونەکانی، کەواتە

هەڵچوونەکان پێویستە لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان بێنەوە، و گونجاوبن لەگەڵ قەبارەی وروژێنەرەکانی ئەم هەڵچوونەو، لە لایەکی دیکە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی،واتە تواناکانی تاک دەردەخات لەسەر ڕێکخستنی هەڵچوونەکانی وبڕیاردان لەسەریان، توانای مرۆڤیش هەریەک لە ئاواتەکانی یان دواخستنی تێرکردنی پێویستیەکانی دەردەکەوێت کە لەئێستادا هەستیان پێدەکات، لێرەدا کە دەوترێت بڕیاردان لە کۆنترۆڵکردندا (التحکم فی الضبط) بەواتای بڕیاردانە لەسەر ئەندازەی هەڵچوون ونزمی هەڵچوون لەڕووی توندیەکەی یان سنورەکەی (سمور، 2012: 73) و لێرەوەیە کە دەگەین بە چەمکی کۆنترۆڵی هەڵچوونی.

مەبەست لە کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆز و هەڵچوونەکان ئەوەیە کە بتوانین هەڵچوونەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بناسینەوە و دەریانبڕین و کۆنترۆڵیان بکەین. لێهاتوویی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان کاریگەری لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە و دەبێتە هۆی جێگیری وسەقامگیری و گەشەکردنی کەسایەتی مرۆڤ(Li L,other:2015:51)

لە پرۆسەی کۆنترۆڵی هەڵچووندا هەموو واتا مەعریفیەکانی وەک یادگە، شیکاری بابەت، و هتد، دەتوانێت تەدەخول بکات و ئەگەری هەیە پرۆسەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی خۆنەویست و کۆنترۆڵ کراو یا ئاگا یان نائاگا بێت. لەبەرئەوەی هەڵچوونەکان پرۆسەگەلێکی چەند لایەنن کە لە هەر کاتێکدا ئاشکار دەبن. کۆنترۆڵی هەڵچوونی دەبێتە هۆی ڕودانی کۆمەڵە گۆڕانکاریەک لە داینامیکی هەڵچوون یان دەبێتە هۆی گۆران لە کاتدا، بڕ و ماوە و چاکسازی وەڵامدانەوە لە بوارەکانی رەفتاری،ئەزمونی یان فیسیۆلۆژی دەبێتەوە. کۆنترۆڵی هەڵچوونی لەوانەیە لە سەر بنەمای ئامانجی تاکی، ریکخستن لە هەڵچوونەکەدا بکات، گرو تینی باتێ یان بە ئاسانی بیسرێتەوە (Thompson,2009:879). کۆنترۆڵی هەڵچوونی ئاماژەیە بۆ ئەو ستراتیژیانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ کەمکردنەوە، زیادکردن یان پاراستنی ئەزموونە سۆزدارییەکان. ڕەگی ستراتیژییەکانی کۆنترۆل کردنی هەڵچوونەکان گۆڕانی سۆزداری و مەعریفی و کۆمەڵایەتییە. کردەوەی خراپ لەم ستراتیژانەدا دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت لە دروستکردن و پاراستنی تێکچوونی دەروونی. لە واقیعدا چەمکی کۆنترۆڵی هەڵچوونی زۆر فراوان و گشتگیرە و کۆمەڵێک پرۆسەی فیزیۆلۆژی و ڕەفتار و دەروونی هۆشیار و نائاگا لەخۆدەگرێت(Gross،2002: 191)

لە سالانی ڕابردوو مۆدێلی پرۆسەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی لە لەلایەن زانا گرۆس (Gross)ناسێندرا، لەم نموونەیەدا چەند گریمانەیەکی سەرەکی بوونی هەیە، بابەتی کۆنترۆڵی هەڵچوونەکان باسێکی زیاترە لە زاڵبوون بەسەر هەڵچوونە نەرێنییەکان، یان تەنها گۆڕینی ئەزموونە سۆزدارییەکان، بۆ نموونە باشترکردنی باری دەروونی خراپ. هەروەها کۆنترۆڵی هەڵچوونەکان ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسانەی کە بەهۆیانەوە دیاری دەکرێت مرۆڤەکان کام هەست

و سۆزیان لە چ کاتێک دەرببڕن و چۆن ئەم هەڵچوونانە ئەزموون بکەن و دەریان ببڕن. وستراتیژییەکانی کۆنترۆڵی هەڵچوونی بەشێوەی هۆشیار (ئاگا) وبە شێوەی ناهۆشیار(نائاگا) بەکاردەهێنرێن(Gross،1999 :551)

## بیردۆزە شیکەرەوەکانی کۆنترۆڵی هەڵچوونی:

1. تیۆری جەیمس- لانگ James Lang :

ئەو هەڵچوونانەی کە هەستیان پێدەکەین، سەرچاوەکەی درکپێکردنی گۆرانکاریەکانی جەستەن. کورتکراوەی ئەم تیۆریە لە لایەن ویلیام جەیمز بەم شێوەیە: ئێمە خەم دەخۆین چونکە دەگرین، هەست بە تورەیی دەکەین چونکە هاوار دەکەین، ڕادەکەین چونکە دەترسێن، واتە حاڵەتە هەڵچوونیەکە لە دوای رەفتار دێت نەک پێشی، واتە حاڵەتە هەڵچوونیەکان لە دوای رەفتارەوە دێن نەک پێشی واتە هەڵچوون هۆکارەکەی گۆرانکاریە هەڵچوونیەکانە (عزیز،2014:89 ) . ئەم تیۆریە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە لایەن زانا ویلیام جەیمز دەروونناس و فەیلەسوفی ئەمریکی و کارل لانگ فیسیۆلۆژیستی دانیمارکی دانرا کە بە تیۆری جیمز-لانگ ناسراوە، ئەمان هەڵچوون وەک ئەو هەست و درک پێکردنە دەزانن کە بە هۆی گۆرانکاریە جەستەییەکانەوە ڕوودەدەن، ئەم تویژەرانە بەم شێوەی خوارەوە ریزبەندی و ریکخستنیان بۆ کردووە: یەکەم: درک بە دۆخێک دەکەین کە هۆکاری دروستبوونی هەڵچوونەکەیە. دووەم: کاردانەوە نیشان دەدەین بۆ ئەم دۆخە، سێیەم: گرنگی دەدەین بە کاردانەوەکانمان. درک کردنی ئێمە بۆ ئەم کاردانەوەیە بنەما و بناغەی ئەو هەڵچوونەیە کە درکی پێدەکەین، کەواتە ئەزموونی هەڵچوونی، واتە هەڵچوونی هەست پێکراو، کە لە دوای گۆرانکاریە جەستەییەکان ڕوو دەدەن. ئەم گۆرانکاریە جەستەییانە یان گۆرانکاریەناوەکیەکان کە لە نێو سیستەمی دەماری خۆنەویستدا یان جوڵە جەستەییەکان هەموویان پێش ئەزموونە هەڵچوونیەکان روو دەدەن (پارسا،2003:230). بە پێی ئەم تیۆرییە هەڵچوون دەرئەنجامی کاردانەوەی ڕەفتاری ئاشکرایە بەرامبەر بە ڕووداوەکان نەک هۆکارەکەی، بە پێی ئەم تیۆرییە ڕووداوەکان لە حاڵەتی هەڵچوونیەکاندا بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو: (Russel,2003:145)

وروژێنەر------------- کاردانەوەی جەستە--------------هەڵچوون

2. تیۆری کانون- بارد Cannon -Bard:

لە ساڵی ١٩٢٧،والتر کانون، فیسیۆلۆژیستی ئەمریکایی، تیۆری جەیمس- لانگی خستە ژێر پرسیارەوە، کانون ئاماژەی بەوە دا کە کاردانەوە جەستەییەکان لە زۆرێک لە

هەڵچوونەکانـدا لێکچـوون. بەڵام ئەم هەڵچوونـانە جیاوازیشـیان هەیە. بـۆ نمـونە تـرس و توڕەیی هەردووکیان زیادبوونی لێدانی دڵیان لەگەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەڵچوونی جودا ناوزەد دەکرێن. هەروەهـا کـانون ئامـاژە بەوە دەدات کە کـاردانەوەی هەڵچـوونی تـاک بـۆ وروژێنەرێک، بە زۆری خێراترە لە کاردانەوەی فیسیۆلۆژی ئەو تاکە، لە روانگەی کانونەوە چەند چرکەیەک دەخایەنێت بۆئەوەی گۆرانکاری فیسیۆلۆژی سەرچاوەگرتوی لە چالاکی سیسـتەمی دەمـاری سمپەسـاوی ڕوبـدات، بەڵام ئـێمە بە زۆری هەڵچوونەکـان لە دوای درکپێکردنـی وروژێـنەرەکە ، هەسـت پـێ دەکەیـن. (Hockenbury,2003:344). کـانون باوڕی وایە کە هەڵچوونەکان دەبێت لە سەر بنەمای کاری تالاموس ڕوونکردنەوەیان بۆ بکرێت. فیلیپ-بارد دواتر ئەم تیۆرەی فراوان کرد، بۆیە بەم ناوە ناوزەد دەکرێت. بە پێی ئەم تیۆریە پاڵنەرە هەستیەکان لە تالاموسەوە -کە لە بەشی خوارەوەی مێشک و لە نزیک هایپۆتالاموسدایە ، تێدەپەرن و لە کاتی تێپەربوون لە تالاموسەوە، تایبەتمەندی هەڵچوونی پەیـدا دەکەن. بە زۆری قێشـری مـۆخ ڕێگـری دەکـات لەم کـاردانەوە هەڵچوونیـانە لە تالاموسـدا، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێگیـریە ڕوو نەدات، ئەوە هەڵچـوون ڕوودەدات. تـالاموس، هاوکات کۆمەڵێک رەوت بە ئاراستەی سەرەوە بۆ مێشک دەنێرن، کە ئەزمونی هەڵچوونی ئاگا دروست دەکەن.کۆمەڵە رەوتێکی دیکە بە ئاراستەی خوارەوە بۆ ئەندامەکانی جەستە دەنێرێـت کە کـاردانەوەی ناوپۆشی(الحوشـیة) و ماسـولکەیی دروسـت دەکەن (Murray,1964:345).بەپێـی ئەم تیـۆریە هەسـتی نـاوەوەی هەڵچـوون و کـاردانەوە جەسـتەییەکان لە هەڵچوونـدا سـەربەخۆن لە یەکتـر، بەڵام لە هەمـان کاتـدا بە شـێوەی هاوتەریـب دەردەکەون، ئەم تیـۆرییە لە شـیکردنەوەی هەڵچوونەکانـدا گرنگییەکـی زۆری بەدەسـتهێناوە، جەخـت لەسـەر گرنگیـی پرۆسـەکانی (تـالاموس) دەکـاتەوە لە کـوالیتی هەڵچوونەکاندا،کە لە مێشکدایە (Dalgleish,2004:583)

3. تیۆری شاختەر- سینگەر (Schachter-singer) (تیۆری دوو فاکتەر یان لەزگە لێدان):

ئێسـتانلی شـاختر و جـروم سـینگەر(١٩٦٢) بە تیـۆری دوو فـاکتەر یـان لەزگە لێـدان، سـەردەمەێکی نوێیـان لە توێژینەوەکـانی هەڵچـوون سـازدا، ئەم تیـۆریە یەکـێکە لە تیـۆریە یەکەمیەکـان بـۆ هەڵچـوون کە جەخـت دەکـاتەوە لە سـەر هۆکـارە مەعریفیەکـان (Rathus,2001:345). لەم تیـۆرییەدا پێیـان وایە کە هەڵچـوون لە بنەڕەتـدا هەسـتکردنە بە حاڵەتێکی جەستەیی وروژاو، بۆیە ئەزمـوونی هەڵچـوون بەنـدە بە دوو هۆکـارەوە: وروژانـدنی سەربەخۆ وهەروەها لێکدانەوەی مەعریفی ئێمە بۆ ئەو وروژاندنە، لەم تیۆریەدا هەڵسـەنگاندنی تـاک بـۆ بـارودۆخی ئەو وروژێـنەرەی کە بـووەتە هـۆی ڕودانـی هەڵچـوونەکە، هۆکـارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ وەڵامـدانەوەی هەڵچـوونەکە، ئەو هەڵچـوونەی کە مـرۆڤ هەسـتی پێدەکات،

پەیوەستە بەوەی کە ئایا لەزگە یان ناوێک دەنێت لەو هەڵچوونە یان نا کە ئەمە لەزگە لێدانە دەرئەنجامی پرۆسـەیەکی مەعریفییە(Reisenzein,2006:4 ). بەم شێوەیە، لە تیۆری دوو فـاکتەر یـان لەزگە لێـدان، وروژانـدنی فیسـیۆلۆژی و لەزگەلێـدانی مەعریفـی، دوو هۆکـاری سـەرەکین لە ئەزمـونکردنی هەڵچوونـدا. هەڵچـوون کاتێـک ڕوو دەدات کە بە وروژانـدنی فیسـیۆلۆژییەکە لەزگەیەکی تـایبەت بنرێت. گریمـانەی ئەوە بکەن لە جادەیەکی تاریک پیاسـە دەکەیت، لە پڕ کەسێک لە پشتەوە دەکێشێت بە سەر شانتدا و دەڵێت: "هەی". ئەوکەسـە هەر کەسێک بێت، وا لە تۆ دەکات وروژاندنی فیسیۆلۆژی لە تۆ دا ڕوو بدات، وەک( خێرایی لێدانی دڵ،ئارەق کردنەوە،..هتد). ئەگەر هـاتوو ئەو کەسـە نەناسراو بێت ئەوە بەم وروژاندنە لەزگەی ترس لێدەدەین، بەڵام ئەگەر هـاورێیەکی نزیک بێت ئەوە لەزگەی سەرسـورمان یـان دڵخۆشـی لێدەدەین (Coon,1997:347)

4. تیۆری سولومون(Solomon,1982) بۆ پرۆسەی ناکۆک (دژیەک):

بە پێی ئەم تیۆرە ئەگەر حـاڵەتێکی هەڵچوونی لە ئەنجـامی ڕووداوێک دەربکەوێت، دوای مـاوەیەکی کـورت، هەڵچـوونی پـێچەوانە دەردەکەوێـت، بـۆ نمـوونە سـەرەتا تـرس و دواتـر زیـادەڕۆیی ئیوفۆریا(سەرخۆشـی،بێ ئاگـایی) دەردەکەوێت(Leknes,2008:4). ئایـا تـا ئێسـتا تەرکیزتان لە سەر ئەوە بووە کاتێک کاردانەوەیەکی هەڵچوونی بەهێز ئەزمون دەکەن، یەکسـەر کـاردانەوەیەکی دژیەکی بە دوادا دێت؟ بـۆ نمـونە، بێتـاقەتی لە دوای دڵخۆشـی. ئەم پەیوەنـدیە بووە بە جێگەی بایەخ لەم تیۆریەدا کە ریچارد سـولومون سـاڵی (1982)، ئاماژەی پێداوە. بە پێی ئەم تیۆرییە: ١-لە دوای کـاردانەوەی هەڵچـوونی بـۆ وروژێنەرێک، بە شێوەی ئۆتۆماتیک کـاردانەوەیەکی دژیەکی دێت .٢-مـانەوەی چەنـد جـارە لە بەرامـبەر وروژێـنەر، دەبێـتە هـۆی لاوازی کـاردانەوەی یەکەم و بەهێزی پرۆسـەی دژیەکییە یـان کـاردانەوە دژیەکییەکە. لە سـەر بنەمـای ئەم تیـۆریە، ئـالوودەبوان بە مەوادی هۆشـبەر لە سـەرەتادا چێژێکـی زۆر دەبیـنن لە بەکارهێنـانی مەوادەکە، بەڵام لە دواییدا هەسـتێکی نـاخۆش دایانـدەگرێت و گۆشـەگیر دەبن. بە چەنـد بـارەکردنەوەو دووبـارە کـردنەوەی مەوادە هۆشـبەرەکە، هەسـتی چێـژی دادەبەزێـت و کاردانەوەی ناخۆشی گۆشەگیر بوون و دڵتەنگی دێتە ئاراوە ,بەم پێیە ئالوودەبوان لە سەرەتادا کەم بەڵام جـار دوای جـار بـۆ دووركەوتـنەوە لەو هەسـتە ناخۆشـە و دڵتەنگیە هەڵدەسـتن بە بەکارهێنانی مەوادەکە (Baron,1998:347)

5. تیۆری لازارۆس(Lazarus,1984) بۆ پاڵنەرە مەعریفی پەیوەندیدارەکان:

بە پێـی ئەم تیـۆرە مرۆڤەکـان دوو جـۆر هەڵسـەنگاندنی پەیوەسـت بە ڕووداوەکـان بەدەسـت دەهێـنن، هەڵسـەنگاندنی سـەرەتایی و لاوەکـی واتە تێگەیشـتن و شـیکردنەوەی

پەیوەنـدی کەســەکە لەگەڵ ڕووداوەکــانی دەوروبەر و هەڵســەنگاندنی لاوەکـی بە واتــای شـیکردنەوەی توانـای خۆگونجانـدن و دۆزیـنەوەی چارەسـەرێک بـۆ ڕووداوەکـانی ژیـانە (Lazarus,2001:5). بە پێی دونیابینینی لازارۆس، هەڵسەنگاندنی مەعریفی، بناغەی هەموو حاڵەتە هەڵچوونیەکانە. بەجۆرێک لێرەدا دژایەتی بۆچوونی رابێرت زایۆنک (1984) دەکات. بـاوڕی وایە کە هەڵچـوون و مەعـریفە دوو شـتی جیـاواز و جـودان لە یەکتـر، و دەکرێـت هەڵچـوون بە بێ پێشـینەی مەعریفی ڕووبـدات بە پێی بۆچـوونی لازاروس هەڵسـەنگاندنی مەعریفی دۆخێک بۆ سێ شـێوەی تـایبەتر لە هەڵسـەنگاندن دابەش بکەیـن بەم شـێوەیە: هەڵسەنگاندنی یەکەم: دۆخێک بۆ سەلامەتی دەرونی،ئەرێنی بوون، ئالۆز یان بێ پەیوەندی دادەنرێـت. هەڵســەنگاندنی دووەم: بەردەسـتی سـەرچاوە گەلێـک کە تـاک بـۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ دۆخەکە بەکاریدەهێنێت. هەڵسـەنگاندی دووبـارە: دۆخـی وروژێنەرەکە و ڕێوشـوێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوە، کۆنترۆڵ دەکرێن و لە کـاتی پێویسـتدا، هەڵسـەنگاندنی یەکەم و دووەم چاکسازی تێدا دەکرێت(Eysenk,2001:348 ).

6. تیۆری پارکینسۆن، تیۆری ٤ فاکتەری هەڵچوون( Parkinson theory,1997):

به بـڕوای پارکینسـۆن، چـوار گـۆڕاو پەیوەنـدییان بە ئەزمـوونی هەڵچـوونەوە هەیە: 1.هەڵسەنگاندنی دۆخەکە 2.وروژاندن، 3.دەربڕینی دەموچاو، 4.ئامادەیی بۆ کردار، لەنێو ئەمانەدا، پێکهاتەی هەڵسەنگاندنی دۆخ گرنگترینیانە.(Eslinger,2002:5 )

7. تیۆری واینەر(wiener,1992) ، تیۆری شێوازی بەڵگەنامەیی:

بە پێی ئەم تیۆریە مرۆڤەکان خواستی دۆزینەوەی مانایان هەیە بۆ ئەوەی پاسـاو بۆ دەرئەنجامەکانی ژیانیان بهێننەوە و لە راستیدا گەڕاندنەوەی ئەم دەرەنجامـانە بۆ هۆکـاری دیـاریکراو دەبێـتە هـۆی کـاردانەوەی هەڵچـوونی، خۆشـبەختی کـاردانەوەیەکی هەڵچـوونیە بەرامـبەر بە دەرئەنجـامێکی ئەرێنـی و دڵتەنگـی کـاردانەوەی هەڵچـوونیە بـۆ دەرئەنجـامێکی نەرێنی ئەگەر دەرئەنجـامەکە وەک خـۆی بمێنێتەوە بەڵام تەنهـا دیمـانەکە( کـات دیـاریکردن) بگۆڕێت ئەوە وەڵامی هەڵچوونیش دەگۆڕێت (Hareli,2002:5).

8. تیۆری پلاچیک(Plutchik,1986) تیۆری پەرەسەندن:

بە پێـی ئەم تیـۆرە هەڵچوونەکـان دەرئەنجـامی گونجانـدنی مـرۆڤە لەگەڵ ڕووداوەکـانی دەوروبەری بە مەبەستی پاراستنی مانەوە، هەڵچوونە سادەکان لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ یەکتردا گۆڕدراون بۆ فۆڕمی ئاڵۆزتر. پلاچیک زنجیرەیەک هەڵچـوونی نـاوزەد کردوە بە هەڵچوونە سەرەتاییەکان یان یەکەمینەکان و پێی وایە کە هەڵچوونەکانی تر لە تێکەڵکردنی

هەڵچــوونە ســەرەتاییەکانەوە دروســت دەبــن بــۆ نمــوونە سەرســوڕمان لە تێکەڵکردنــی ورووژاندنی ترس و واقوڕمانەوە دێت.(Plutchik,2002:5)

9. تیۆری سالۆڤی و مایر(Salovey &Mayer,1990):

لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە کۆمەڵێک کارامەیی تایبەت هەیە کە لە هەموویاندا دوو شت زۆر گــرنگە ئەوانــیش وردبینــی و کــارامەییە. وردبینــی لە ناســینەوە و تێگەیشــتن لە حــاڵەتە هەڵچوونیەکان خۆت و کەسانی دیکە و کارامەیی لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی هەڵچوونەکان لە گەیشتن بە ئامانجەکان. بۆیە هەبوونی ئەم کارامەییانە دەتوانێت ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ مرۆڤ بەدوای خۆیدا بهێنێت بە پێچەوانەوە، نەبوونی ئەوان دەبێتە هۆی کێشەی جــددی (زردخــانە،6:2007). بە بــڕوای( ســالۆڤی و مــایر،پێنج شــێوازی گشــتی هەن کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن خەڵکەوە بەکاردەهێنرێن، هەریەکەیان ئەگەر لە کاتی گونجاو و بە شــێوازی گونجــاو بە شــێوەیەکی دروســت بەکــاربهێنرێن، دەتــوانن زۆر کــاریگەر بــن، بەڵام هەندێکیان بەگشتی لە هەندێکی تر بەسوودترن، ئەوانیش: خۆپاراستن: یەکێک لە تەکنیکە سادە و ئاسـانەکانی خۆبەدوورگرتن بـریتییە لە بەکارهێنـانی شێوازی سـەرکوتکردن یـان خنکانـدنی هەستە ناخۆشـەکان کاتێک سـەرهەڵدەدەن. کۆنترۆڵکردن یان نەهێشـتنی نیشـانە دەرەکییەکانی هەڵچوونە نەخوازراوەکان بە هەوڵی هۆشیارانە و خۆبەخشانە دەبێت. ئەم تەکنیکە دەتوانێت بە تـایبەتی سـوودی هەبێت کاتێک لە دۆخێکدا بێت کە نیشـاندانی هەڵچوونەکـان نەگونجـاو بێت. دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی مەعریفی: دووەم تەکنیکەکانی ڕێکخستن و کۆنترۆڵی هەڵچوونەکان بـریتییە لە هەڵســەنگاندنی مەعریفی. ئەم تەکنیکە گشـتییە دەتوانێت چەنـدین شـێوازی تـایبەت لەخۆبگرێـت، بەڵام تایبەتمەنـدی هاوبەشــی هەمــوو ئەم شــێوازانەە ئەوەیە کە لە هەموویانــدا هەوڵدەدەیت دۆخەکە لە مێشکتدا بگۆڕیت بۆ ئەوەی دۆخێکی هەڵچوونی خۆشتر بەدەستبهێنیت. گۆڕینی ئاراستەی سەرنج: لەم شێوازەدا هەڵچوونە نەرێنییەکان بە شێوەیەک کۆنترۆڵ دەکەین کە سەرنجت لە هاندەری سترێسەکان دوور بخەیتەوە و بەرەو شتێکی باشتر ئاراستە دەکەیت. پلاندانانی چالاک: لەم تەکنیکەدا کاردانەوەهەڵچوونیەکانت کۆنترۆڵ دەکەیت بە داڕشتنی پلانێکی کەسـی و تـایبەت بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی هۆکارەکـانی هەڵچوونەکـان. داواکردنـی یـارمەتی: دوایـین تەکنیـک کە هاوشـێوەی پلانـدانانی چـالاکە داوای یـارمەتییە، لەم تەکنیـکەدا کـۆنترۆڵی هەڵچوونەکان بە داوای یارمەتی لە کەسانی تر ئەنجام دەدرێت، کە ڕەنگە مـاددی و پراکتیکـی بێت. (هاشمی، 6:2013)

## گونجانی پیشەیی:

## چەمکی گونجان:

بەلای (Eysenck ئایزنک)ەوە گونجان ئەو دۆخەیە کە ڕەچاوی پێداویستی و داواکارییەکانی تاک دەکات و بە پێی ئەو ژینگەیەی کە تێربوونی تەواوەتی خۆی بەدەست دەهێنێت (قبقوب، زوقة،67:2017) و زانا سوپەر Super,1950 )چەمکی گونجان بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: دەستکەوتێکی گشتی یان تێکەڵکردنی چەند جۆرێک لە لایەنە تایبەتەکانی گونجاندنە (سازانە)، کە دوو شێوە لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە خۆگونجاندن (گونجانی خودی) کە پەیوەندی بە خۆڕێکخستنی دەروونیی تاکەوە هەیە و ئەوی دیکەش گونجانی کۆمەڵایەتیە بە واتای پەیوەندییەکانی نێوان خود و ئەوانی دیکەوە دێت (الخالدی،99:2009). شاذلی وای دەبینێت کە گونجان ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ ژینگەدا کە توانای تێرکردنی زۆربەی پێداویستییەکانی تاک و دابینکردنی زۆربەی داواکارییەکانی لەخۆدەگرێت، بەم پێیە، گونجان کۆنتراستەکان و گۆڕانکارییان لە ڕەفتاردا دەگرێتەوە کە پێویستن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانەدا تێر بکرێن یان ڕازی بکرێن ( الشاذلی،55:2001)

بوارەکانی گونجان زۆرن، بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤ کۆکراوەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، کەواتە دەکرێت لە دوو ئاڕاستەدا قەتیس بکرێن، ئاڕاستەی یەکەمیان گونجانی دەروونی(کەسی، خودی psychological, subjective, personal)،ئاڕاستەی دووەم بریتییە لە گونجانی کۆمەڵایەتی .adjustment social)

یەکەم: گونجانی کەسی (خودی): جگە لە کۆمەڵێک وەڵام هیچی تر نییە کە هەموویان ئاماژەن بۆ چێژوەرگرتنی تاک و هەبوونی هەستی ئاسایش و ئەمان لەگەڵ خۆی، و تێرکردنی پاڵنەرە ناوەکیە سەرەتاییەکان و فیسیۆلۆژیەکان و هەروەها پاڵنەرە دووەمە وەرگیراوەکان. کەواتە گونجانی کەسی توانای تاکە بۆ ئاشتکردنەوەی پاڵنەرە ناکۆکەکانی بە شێوەیەک کە بە ڕەزامەندیەکی هاوسەنگ بگات

دووەم: گونجانی کۆمەڵایەتی: ئەو پرۆسەیەیە کە بەهۆیەوە دۆخێکی هاوسەنگی و هاوئاهەنگ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوڕێیان و ئەندامانی خێزانەکەی و ژینگە ناوخۆییەکەی و کۆمەڵگە گەورەکەیدا بەدەست دێت، کە لەڕێگەیەوە دەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی تێر بکات و لە هەمان کاتدا ئەو داواکاری و ئەرکانە قبوڵ بکات کە کۆمەڵگا بەسەریدا دەسەپێنێت و هەروەها بەرپەرچی ستاندارد و بەهاکان نەداتەوە (حشمت، باهي،2006:54-53)

هەروەها گونجانی کەسی و گونجانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بواری وردتر لە خۆیان دەگرن، توێژەر لە خوارەوە دەیخاتەڕوو: (مدحت،1990:7)

**خشتەی ژمارە (1)**

**پێکهاتەکانی بواری گونجان**

| | |
|---|---|
| گونجانی کەسی (خودی) | گونجانی پاڵنەر (گونجانی من لەگەڵ پاڵنەرە بۆماوەییەکان)(گونجان لەگەڵ پاڵنەری وەرگیراو) |
| | گونجانی خودی (گونجانی ئیگۆ(من) و ئید (ئەو) گونجانی من لەگەڵ ویژدان |
| | گونجانی ویژدانی (گونجانی سۆزداری)(گونجانی هەڵچوونی) |
| | گونجانی ژیری (گونجانی فێربوون و دەستکەوت)(گونجان لەگەڵ ئاستی خواست)(گونجان لەگەڵ زیرەکی و توانا) |
| | گونجانی فیزیکی (گونجانی رژێن و هۆرمۆنەکان) (گونجانی هەستەکی ودەماری)(گونجانی تەندروستی وجەستەیی)(گونجانی سێکسی و رەگەزی) |
| | گونجانی بەرەوپێشبردن ( گونجانی دڵخوشکردن) (کاتبەسەربردن) (گونجانی وەرزشی) |
| گونجانی کۆمەڵایەتی | گونجانی ئەکادیمی (گونجان لەگەڵ مامۆستایان و هاوتاکانیان)( گونجان لەگەڵ بابەتەکانی خوێندن) |
| | گونجانی رۆشنبیری (گونجانی بیروباوڕ)(گونجانی سیاسی)(گونجانی بەها) |
| | گونجانی ئابوری (گونجان لەگەڵ گۆڕانکاری ئەرێنی)(گونجان لەگەڵ گۆڕانکاری نەرێنی) |
| | گونجانی دینی (گونجان لەگەڵ هاوەڵانی دینی خۆت)(گونجان لەگەڵ هاوەڵانی دینەکانی دیکە) |
| | گونجانی پیشەیی(گونجان لەگەڵ ئامێرەکان)(گونجان لەگەڵ بەرێوەبەر)( گونجان لەگەڵ هاوکاران) |

## رێگریەکانی گونجان:

تـاک وێـرای هەوڵـدان بـۆ بەدیهێنـانی پـاڵنەر و پێداویسـتییەکان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێـک بەربەست و ڕێگری دەبێتەوە کە پێشکەوتنی و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی سنووردار دەکەن، هەروەک نەبـوونی ژینگەی لەبـار و ئـامڕازو کەرسـتە بـۆ تێرکردنـی پـاڵنەرە مـاددی و مەعنەویەکـان تێنەگەیشـتنی مـرۆڤ لە خـۆی و تواناکـانی و قبـوڵنەکردنی خـۆی بەوجـۆرەی کە

هەیە و هەروەها سەختی دیاریکردنی ئاستی خواست و تەماحی بە پێی تواناکانی، لە هەمانکاتدا بوونی هۆکاری نائاگا (لاشعوری)، کە کاریگاریان لە سەر رەفتاری تاک هەیە و بوونی ناکۆکی لە نێوان پاڵنەرە ناکۆکەکان و دژیەکەکان بەهۆی ئەو جیاوازی و و دژیەتیەی کەلتوور بەجێی هێشتووو واتە پێشنەکەوتنی نۆرمەکانی (معاییر) کەلتووری. بۆیە ڕەنگە تاک ڕووبەڕووی ئاستەنگێک ببێتەوە کە ڕێگری لە تێرکردنی هەندێک لە پێداویستییە پێویستەکان دەکات،ئەمەش زۆرجار پاڵ بە تاکەوە دەنێت بۆ قبوڵکردن و چارەسەری گونجان و کەمتر پێداویستییەکانی تێر بکات، یان ڕەفتارێک ئەنجام بدات پێچەوانەی یاسا و بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگا، کەواتە (لادانێک یان ناتەواویەک)، دەبێتەهۆی بێزاری و ململانێ و دڵەڕاوکێ، و بێزاری واتە بوونی حاڵەتێکی گرژی دەروونی بە هۆی رووبەڕووبوونەوەی تاکەکەسەوە سەرهەڵدەدات بەرامبەر ئەوشتانەی لە تێرکردنی پاڵنەرەکان یان پێویستییە بەپەلەکان ڕێگرن (جلال،1970:102).

## گونجانی پیشەیی:

گونجانی پیشەیی واتای کرداری دینامیکی بەردەوام دەگەیێنێت لەنێوان فەرمانبەرەکە وئەو ژینگە مادیە پیشەییە وکۆمەڵایەتی ودەرونیەی کە تێدا دەژی، بە ئاوێتەبوونی لەگەڵی دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆی ورازی کردنی کەسانی دەوروبەری، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی پەیوەندیەکی باش وچاک ودروستکەر، وە بەرهەمهێنانێکی نایاب و بوونی نەرم ونیانیەک کە بگونجێت لەگەڵ هەر گۆڕانیەک کە بەسەر ژینگەی کارکردنەکەیدا بێت.و کرانبێرگ دەڵێت: گونجانی پیشەیی ئەو دۆخەیە کە تاک تیایدا تێکەڵ دەبێت لەگەڵ کارەکەی یان پیشەکەیدا و تاک لە ڕێگەی تەماحی پیشەکەی و ئارەزووی پێشکەوتن و گەشەکردن و گەیشتن بە ئامانجەکانی دەکات.(الطاهر،2017:12). گونجانی پیشەیی ڕازیبوونە بە کار و ڕازیبوون بە کەسانی دیکەو ئەمەش بە هەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاو دەبێت بە پێی توانا، قەناعەتی کەسی، بە جۆرێک چوونە ناو پیشە پێویستە بە زانست و ڕاهێنانەوە ئامادەکاری و ڕێکخستنی بۆ کرابێت و لێهاتوویی پیشەیی، کارایی، بەرهەمهێنان، هەستی سەرکەوتن، و پەیوەندی باش لەگەڵ سەرۆک و هاوکاران، و زاڵبوون لەسەر کێشەکان و و نابێت خەیاڵ بکرێت کە گونجانی تەنها گونجانی تاکەکەسە لەگەڵ ژینگەی کاردا بەڵکو هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لە بەرچاو بگیرێت (الشاذلی،2001:64)

## بنەماکانی گونجانی پیشەیی:

لێرەدا چوار بنەمای گونجانی پیشەیی هەن، واتا ناگونجێت کەسێک گونجانی پیشەیی هەبێت و ئەم بنەمایانەی تێدا بوونی نەبێت کە بریتین لە:

یەکەم: توانایی، واتا کەسەکە توانای ئەنجامدانی کارێکی هەبێت، یان خۆی بگونجێنێت لەسەر سەرکەوتنی کارەکەی ئەمەش لەئەنجامی بەدەستهێنانی چەند کاروکردەوەیەک بەدەست دێت جا ئەم کاروکردەوانە جەستەیی بن یان هزریی، هەندێکجاریش ئەم تاکە هەر لەدروستبوونیەوە زگماکی ئەو بەهرەیەی پێدراوە یان دواتر خۆی بەدەستی دەهێنێت لەئەنجامی لێهاتویی وهەوڵ

وکۆششی خۆی، تواناییەکانیش هەمەجۆرن کە بریتین لە توانای سەرەتایی وتوانای کۆمەڵایەتی وتوانـای زیرەکـی وتوانـای چارەسـەرکردنی کێشـەکان. دووەم: ئامادەیی،ئەمـەیان هـەر لـەکاتی لەدایک بوونەوە بوونی هەیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریـەکی دیاریکراو یان چالاکیـەکی گشتی یان، تایبـەتی یان شـێوازێکە لـە بەدەمـەوەچوون بـەجۆرێک کە دەگونجێت تاکەکە بگاتـە ئاستی توانایی بوون ئەمەش کاتێک ڕاهێنانی پێویستی ئەنجامدا. سـێیەم:ئارەزوو،بریتییە لەچەند ئاڕاسـتەیەکی دیـاریکراو کـە بـەگوێرەی جوڵـەی تاکەکـە زیـاد وکـەم دەکـات یـان بریتییـە لـە بیرۆکەیـەک کـە بەئاراسـتەی ئامانجـەکان هـەنگاو دەنێت، ئەمەشـیان دەگونجێت زگمـاکی بێـت بـەهۆی شـارەزایی ولێهـاتوویی وفێربوونـەوە بەدەسـت بهێنرێـت، کـە وا لـە تاکەکـە دەکـات کـە هەسـتێت بـە گرنگیـدانی چالاکیـەک یـان بـە کـارێکی دیـاریکراو. چـوارەم: تایبەتمەنـدی، تایبەتمەندیەکی تاک دەربارەی بیرۆکەیەک یان کارێک کە بەهۆیـەوە تاکەکە جیاوازی خۆی بۆ دەردەکەوێت و هەندێک جاریش دەگونجێت بۆمـاوەیی بێت یان بەدەستهێنراو بێت، کەواتا لـە ڕێبازێکە لـە ڕەفتار کـە بەهۆیـەوە تـاک یان کۆمـەڵ جیادەبێتـەوە و بـەهۆی کۆمـەڵێک هۆکـاری بۆماوەیی یان ژینگەییەوە دروست دەبێت (بدوی، 1977: 68)

## بیردۆزە شیکەرەوەکانی گونجانی پیشەیی:

1. بیردۆزی شیکردنەوەی دەروونی :

(فرۆید) وای دەبینێت کە ئەگەر تاکێک کۆکبوو لەگەڵ پیشەکەی ئەوکات دەتوانێت کەسێکی بـەتوانا بێت وحـەزی لەکارەکـەی بێت وبەرهـەمی هـەبێت، مرۆڤ بـەهۆی ئـەو سروشـتەی کـە هەیەتی ڕووبـەڕووی ململانێ ناوخۆییـەکان دەبێتـەوە، چونکـە هەڵسوکەوتەکانی بەسـتراوەتەوە بەچەند پاڵنەرێکی نەستی، وئەو بەردەوام لـە ململانێ دایە لـەنێوان ئـەو پاڵنەرانـەی کـە کۆمـەڵگا پەسندیان ناکات، وە لەنێوان ئەو داخوازی وڕێگریانەی کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەرداوە، بێگومان کەسێکی کە تووشی دڵ ڕاوکێ ودووڵی بێت لـەڕووی کۆمەڵایەتیـەوە کەسێکی کۆک نابێت، لـە کارەکـەی ولـە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکـەی تووشـی لادان وخـوار وخێچی دەبێتـەوە( الرواحیـة، 2016:21 – 27)

2. بیردۆزی نمونەیی دیاردەی ڕازیبوون:

ئەم بیردۆزەیە کە لاوەر (Lawler,1973) بانگەشەی بۆ دەکات بریتیە لە نمونەیەکی تایبەت بـۆ دیـاریکردنی ڕازیبـوونی پیشـەیی، و بـەگوێرەی ئـەم بیردۆزەیـە تاکـەکان لـە دیاردیـەک لـە دیاردەکانی کارکردنی خۆیان ڕازین وەکو هاوڕێیانی کارەکە وسەرپەرشتیاران ومووچـەکانیان، کاتێک ئەندازەی ئەو دیاردەیەی کە هەستی پێدەکەن و ئەوەشـی کە پێویسـتە بەدەسـتی بهێنن لەپێناو ئەنجامدانی کارەکانیان، ئەوا پێویستە ئەو ئەندازەیەی کە هەستی پێدەکەن هاوکێشە بێت، وئەوەشی کە کە بەدەستی دەهێنن بەشێوەیەکی کردارەکی زیاتر بێت، و کاتێک تاکەکان سـەیری

ئەو ئەندازەیە دەکەن کە بەدەستیان هێناوە زیاترە لەوەی کە شایەنیانە، ئەوکات پێویستە هەست بە تاوان ونایەکسانی بکەن، و لەکۆتایشدا ئەگەر هەستیان بەوەکرد کە شتێکی کەمیان لەدیاردەکە بەدەست کەوتووە، ئەوکات بیردۆزەکە پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەوان هەست بەڕازیبوونی پیشەکەی خۆیان ناکەن واتا وەڕسبوون.(حلیمە،بن رحال،2020:62-61).

پۆرتێر و لاولەر( Porter&Lawer,1986)، مۆدێلی (فرۆم)یان پەرەپێدا، و بەستیانەوە بە هەردوو چەمکی دەستکەوت و گەڕانەوە(پاداشت)، بەو پێیە پەیوەندییەکیان لە نێوان دەستکەوت و ڕازیبووندا دانا، ئەویش گەڕانەوەیە یان ئەو هەوڵەی کە خەرج دەکرێت، ئەگەر گەڕانەوەی ڕاستەقینە لە بەرامبەر دەستکەوتدا یەکسان بێت یان زیاتر بێت لەو گەڕانەوەیانەی کە تاکەکەس پێی وایە دادپەروەرانەن، ئەوا ئەو ڕەزامەندییەی بەدەست هاتووە پاڵ بە تاکەکەوە دەنێت بۆ دووبارەکردنەوەی هەوڵەکە، بەڵام ئەگەر ئەم گەڕانەوەیانە کەمتر بن وەک ئەوەی تاکەکەس پێی وایە ئەو شایەنیەتی، حاڵەتێکی ناڕازیبوون ڕوودەدات و پاڵنەرەکە دەوەستێت بۆ بەردەوامبوون لە هەوڵدان بۆیە دیارترین زیادکردنی مۆدێلی پۆرتێر و لاولەر بۆ تیۆری فرۆم ئەو چەمکەیە کە مۆدێلەکەیان لەخۆی دەگرێت ئەویش ئەوەیە کە بەردەوامیی ئەنجامدان بەندە بە قەناعەت و ڕەزامەندی ئەوکەسەی کارەکە دەکات، و قەناعەت و ڕەزامەندی بەندە بە ڕادەی گەڕانەوەی ڕاستەقینەی بەدەست هاتوو و ئەوەی تاکەکەس دەستی دەکەوێت، پۆرتێر و لاولەر نیشانیان داوە کە دوو جۆر گەڕانەوە هەیە:

یەکەم: (پاداشت)گەرانەوەی ناوەکیRewards Intrinsic : ئەوەیە کە تاک هەستی پێدەکات کاتێک دەگاتە دەستکەوتی چاوەڕوانکراو،ئەمەش پێداویستییە باڵاکانی تاک بەدی دێنێت.

دووەم: پاداشت گەرانەوەی دەرەکی Rewards Extrinsic : ئەوەیە کە تاک لە ڕێکخراوەکە بەدەستی دەهێنێت بۆ تێرکردنی کەمترین پێداویستییەکانی (وەک پلەبەرزکردنەوە، کرێ و ئاسایشی کار).

مۆدێلی پۆرتێر و لاولەر باس لە سەریەککەوتنی نێوان پرۆسەی بەدەستهێنانی دەستکەوت بۆ ڕازیبوون دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت بەڕێوەبەران دەبێت ئامانجەکانی ژێردەستەکان دیاری بکەن و ئاستەکانیان دیاری بکەن بە پێی ئاستی قورسایی مامناوەندیان هەبێت و لەگەڵ تواناکانیاندا و لێهاتووییەکانیان بگونجێت (العمیان،2005 :294-295)

3. بیردۆزی بەها:

بیردۆزی بەها یان دژ کە لوک (Locke 1969 - 1974) گەشەی پێدا ودەڵێت: ڕازیبوونی پیشەیی لای تاک یان ڕازینەبوون لەهەندێک لایەنە پیشەییەکان پێچەوانە دەبێتەوە کە بە دوو جۆر بڕیاری بەهاکان دەدرێت:

أ-ئـەو دژیەکـەی کـە هەسـتی پێدەکرێت لـەنێوان ئـەوەی کـە تـاک دەیـەوێت وەئەوەشـی کـە بەکردار بەدەستی دەهێنێت.

ب- ئەوەی کە تاک دەیەوێت وئەوەی کە بەهێزی دەکات(حلیمە،بن رحال،63:2020)

هەروەها لۆکی (1974) پێی وایە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕەزامەندی لە کار بریتین لە توانای ئەو کارە بۆ دابینکردنی گەڕانەوەی بەها و سوودی بەرز بۆ هەر تاکێک، و هەرکاتێک کارەکە توانای دابینکردنی پێداویستیەکانی هەبێت و گەڕانەوەی بەهـا و ڕازی بـوونی پیشـەیی بۆ تـاک تێدا بێت،وئەو دەستکەوتەی کە تـاک ئـارەزووی دەکـات بەدەسـتی بهێنێت،ئەوە بە پێی تیـۆری پلەبەنـدی پێداویسـتییەکانی ماسـلۆدا، بە پـلەی یەکەم پشـت بە تێـڕوانین و هەسـتی هەر تاکێـک دەبەستێت بەو دەستکەوتەی کە دەیبینێت لەگەڵ کارەکەی بە جۆرێک کـارەکەی لە گەڵ ئاسـتی کۆمەڵایەتی و ئارەزوو و ستایلی خۆیدا دەگونجێت لە ژیانـدا بەڕێوەبەرێکی بـاڵا بە پێی تیـۆری ماسـلۆ پێویسـتە هەوڵ بـدات بـۆ ڕێزگـرتن و خـۆ بەدیهێنـانی، بەڵام بەپێـی تیـۆری بەهـا، ئەو دەستکەوتانەی کە بەڕێوەبەر ئارەزووی دەکات لەوانەیە دەسکەوتی فیزیکی و ئاسایش و هەر دەستکەوتێکی تر لەخۆبگرێت.( ماهر، 2003: 230-229 ) .کەواتە ڕازیبووونی پیشـەیی لا تـاک بەنـدە بە هـەموو ئـەو دەرکەوتـانەی کـە پەیوەنـدیان هەیـە بـە ڕازیبـوونی پیشـەییەوە ئەمـەش پەیوەستە بەگرنگی ئەو دەرکەوتەیە بۆ ئەو تاکە، بەواتایەکی تر دەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکانی کارەکە بۆ نموونە (پلەبەرزبوونەوە) دەگونجێت ئەمەیان کارێکی گرنگ بێت بەنسبەت تاکەکەوە، بەڵام لەوانەیە گرنگ نەبێت بەنسبەت تـاکێکی تـر کـەواتا دەرکەوتەی پلەبەرزبوونـەوە بەنسبەت تـاکی یەکەمـەوە پێویسـتە سـەنگێک یـان بەهایـەکی بـەرزتری زیـاتری پـێ ببەخشـرێت لەهـەر دەەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکانی تر (حلیمە،بن رحال،63:2020)

ڕەزامەندی گشتی= کۆی گشتی دەرکەوتنەکان*گرنگی دەرکەوتە بۆ هەر تاکێک

4. بیردۆزی کاریگەری کۆمەڵایەتی:

هەریـەک لـە پفیفەر و سـالانکیل (Salancil & Pfeffer, 1978) بیردۆزەیەکیان پێشکەش کـرد، بیرۆکـە بنەڕەتیەکـەی ئـەم بیردۆزەیـە بریتییـە لـەوەی کـە بەدەمـەوە هـاتنێکی سـۆزدارانە بەرەو پیشە، دەرئەنجامی پەرچە کرداری هاوڕێیانی کارەکەیە بۆ پیشەکە هەروەها دەرئەنجامی هەبوونی تایبەتمەندیەکانی بابەتیانەیە بۆ خودی پیشەکە، بەواتایەکی تر گونجانی پیشەیی نابێت تەنهـا لەسـەر بنـاغەی تایبەتمەندیـە بابەتییـەکان پیشـەکە ئەنجـام بـدرێت، بـەڵکو بەشـێوەیەکی بەرچاو کاریگەریش دەبێت بە نیشانە کۆمەڵاتیەکان لەناو شوێنی کارەکەدا، وە دواتر دەتوانرێت کەسـەیری خودی پیشـەکە بکرێت بەچەند ڕێگایـەکی جیـاواز بەوپێیـەی کـە هاوڕێیـانی پیشـەکە وەڵامدانەوەیان هەیە بۆ پیشەکە. (فحجان، 2010 :27-32)

5. بیردۆزیی پلەبەندی هەرەمی مازلۆ:

بیردۆزی پێویستیەکان لای (مازلۆ1943, Maslow) بۆ بەدەستهێنانی دوو ئامانجە، کە لەلایەک پێویستیە بنەرەتیەکان بەگوێرەی زنجیرەیەک پۆلێن دەکات، وە لەلایەکی تر ئەم پێویستیانە دەبەستێتەوە بەهەڵسوکەوتە گشتیەکانی تاک.ئەو نمونانەی کە مازلۆ هێناویەتی دەربارەی پێویستیەکان شێوەیەکی پلە بەندی بەخۆیەوە دەبینێت کە پێک هاتووە لە پێنچ ئاست ( پێویستیە فسیۆلۆجییەکان، پێویستە ئاسایشیەکان، پێویستیەکانی خۆشەویستی وئینتیما، پێویستیەکانی پێزانینی خود، پێویستیەکانی بەدیهێنانی خود) وە هەروەها پێکهاتووە لە کۆمەڵێک گریمانەیی کە جەخت دەخاتەسەر تێرکردنی ئەو پێویستیانە (بۆکانی،99:2020).

تاک لەگەڵ بەئەنجام گەیاندنی کارەکەی بەوەی کە کەسێکی بە توانا ولێهاتوو بێت، و ئارەزووی لە کارەکەی بێت وئامادەیی هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی، بەجۆرێک ببێتە مایەی بەرجەستەکردنی ئارەزووەکانی وخواستەکانی وداهێنانەکانی، پاشان ببێتە هۆی تێرکردنی پێداویستیەکانی کەواتە پیشەکەی تاک دەبێتە بوارێکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، بەڵام ئەگەر کارەکە نەبووە هۆی دەستکەوتنی کەشێکی ئارام وگونجاو ئەوکات دەبێتە هۆی دروست بوونی تێکچوونی بارودۆخی دەروون تاکەکە وپاڵەستۆیەکی بەردەوام لەسەری کە سەرەنجام دەبێتە مایەی داڕووخانی هەربۆیەش پێویستە تاک لەوشوێنە دابنرێت کە گونجاوە لەگەڵ ئارەزوو وئامادەییەکانی وپسپۆڕیە زانستیەکەی یان پیشەییەکەی. مازلۆ لەوباوەڕەدایە کە پێویستیەکان بۆ بەدەستهێنانی خود بریتییە لە خودی پێویستیەکە وبەس، کە ناتوانێت بگاتە پڕکردنەوەیەکی تەواو تا کۆتایی ژیانی و ماسلۆ وای بۆدەچێت ئەگەر ئەو کارەی کە تاک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی بوو بە مایەی تێرکردنی پێویستیەکانی ئەوکات ڕازیدەبێت لە کارەکەی، بەڵام ئەگەر کارەکە هەندێک لە پێویستیەکانی پڕکردەوە ئەوکات ڕازی نابێت لە کارەکەی( فحجان، 32:2010)

6. بیردۆزی (سوبر):

(سوبر,Super1950) وای بۆدەچێت کە گونجانی پیشەیی قۆناغێکە لەقۆناغەکان کە بەدوای خۆیدا گەشەسەندنی پیشەیی دەهێنێت، ئەم گەشەسەندنەش بەچەند قۆناغێکدا گوزەر دەکات کە دەست پێدەکات بە خواست، دواتر هەڵبژاردن، دواتر ناونوسکردن، پاشان گونجان، کەواتا لێرەدا پەیوەندیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان تاک وئەو مامەڵەیەی کە دەورەیداوە لە بواری کۆمەڵاتیدا، ئەم پەیوەندیەش کاریگەری هەیە لەسەر گونجانی پیشەیی، و گونجانی پیشەیش مەبەستەکانی پیشەکە بەدەست دەهێنێت ودەبێتە دەرخەری هەریەک لە تواناییەکان وکەسایەتی وئارەزووەکان، هەروەها دەبێتە دەرخەری ئامادەییی تاک وئەو شێوازەی کە هەیەتی لە ژیان

کــە دەگونجێــت کاریگەریــەکی گونجــاوی هــەبێت لەگــەڵ گەشەســەندنی وشــارەزایی ولێهاتووییەکانی.( الرواحية، 2016:27-21 )

7. بیردۆزی مەرجداریتی ئیجرائی کە پێی دەوترێت بیردۆزی (پاڵپشتی کردن):

(سکنر,Skinner1968) وایدەبینێت کە لێرەدا پەیوەندیەک هەیە لە نێوان هەڵسوکەوت وئەو پاداشتەی کە تاک لەئەنجامی هەڵسوکەوتەکەیەوە بەدەستی دەهێنێت، هەربۆیەش پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکان کە پاداشتی پیشەییان هەبێت بەمەبەستی بەجێگەیاندنی کارەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، وهەڵسوکەوتەکانیش پشت ئەستوورن کە دەگونجێت ئیجابی بێت وەکو پاداشت وستایش کردن، دەگونجێت سلبی بن وەکو سەرزەنشتکردن ودووبەرەکایەتی، ئەم بیردۆزەیە مامەڵە وهەڵسەوکەوت دەکات لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە دەگونجێت هەبن کە بریتییە لە هەڵسوکەوتی دەرەکی تاکەکە وەکو بەرهەمهێنان ونەهاتن وخێرایی لە کارکردندا، ئەم بیردۆزەیە گرنگی نادات بە بارودۆخە ناوخۆییەکانی تاک وپشتگوێیان دەخات. ( الرواحية، 2016:27-21)

## پەیوەندی بەڕێوەبەر بە گونجانی پیشەیی:

ڕۆڵی بەڕێوەبەر یەکێکە لە ئەرکە هەرە تەحەدا و ڕازیکەرەکانی جیهانی کار، چونکە بەڕێوەبەر دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەسانی تر بێت و ببێتە مایەی ڕەزامەندی لە کار، لە بەرامبەردا دەتوانێت ببێتە مایەی بێزاری و نائومێدی لە شوێنی کاردا ئەگەر بێت نەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ئەو تاکانەدا بکات کە بە ژێری لەگەڵیدا کاردەکەن، ئیستدلالکردن و کراوەیی دڵ، داوا دەکات کە بەڕێوەبەر گرنگی بە هەستی ئەو تاکانە بدات کە سەرکردایەتییان دەکەن و ئەو بارودۆخانە باشتر بکەن کە کارەکە لەژێردا بە ئەنجام دەگات و بەرزکردنەوەی... مۆراڵی ئەو تاکانەی کە لەگەڵیدا کاردەکەن، و حەزیان لە ڕازیکردنیان بێت لە شوێنی کارەکەدا، و ئەمەش هەمان گرنگی دەدات بە کارەکە. (Levy,1997:86)

پرسی سەرکردایەتی زۆر گرنگە بۆ گونجانی پیشەیی، چونکە ژینگەی کارکردنی گونجاو لەلایەن بەڕێوەبەرەوە دابین دەکرێت، و بەرێوەبەر هەر شێوازێک یان ڕێگایەکی بەرێوەبەردن کە لەگەڵ ئەو تاکانەی کە پێکەوە کار دەکەن پەیرەوی دەکات ئەوە کاریگەری لەسەر ڕادەی فشارەکان دەبێت کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یان ئاستی گونجانی پیشەییان لەگەڵ کارەکانیاندا، دەبێت بەرێوەبەر بۆ ئەو کەسانەی لای کار دەکەن هەستی گرنگی پێدان، روخۆشی و زەردەخەنەیان پێببەخشیت، ڕوخساری گرژ و هێرشکردن، نەبێت و کار کردن هەموو شتێک نەبێت بەڵکو کەناڵی گونجاوی پەیوەندی نێوان خۆی و ئەوانیان بۆ دابین بکات، و لە مامەڵەکانی لەگەڵیاندا بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت، و بێزاری و خەمۆکی لە کەشوهەوای کار دوور دەخاتەوە (عداد،2017:91)

## باخچەی منداڵان :

لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا هاتووە باخچەی منداڵان دەزگایەکە تایبەتە بە فێرکردنی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە پێش تەمەنی چوونە قۆناغی پێش قوتابخانەی سەرەتاییەوەیە. لەم دەزگا پەوەردەییەدا لە ڕێی بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە هۆکارە فێرکاریە بیستراو بینراوە جۆربەجۆرەکانەوە بەڕێوەدەچێت (السايغ، 3:2006). ئامانجەکانی باخچەی منداڵان دابینکردنی هەندێک بەها و بنەمای ئایینی بەرز بە ڕێژەی قۆناغەکەی و چاندنی ڕۆحی سە ربەخۆیی بۆ منداڵ بۆ نیشتمان و فێرکردنی بەشداری چالاکانە لەگەڵ کەسانی تر (گەورەو بچوک) هەروەها فێرکردنی چۆن ئاگاداری جەستەیان بن و ئەندامەکانیان بە شێوەیەکی کارایی بەکاربهێنن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی ژینگەی سروشتی و فێرکردنی منداڵان بە وشەی نوێ و تێگەشتن لە دەربڕینە زمانەوانییە جیاوازەکان لە هەمانکاتدا چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزان و کۆمەڵگادا (شریف،225:2006). لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ئامانجی دیکەی وەک بەرزکردنەوەی هۆشیاری منداڵ وپێدانی دەرفەت بۆ ئەزمون و تاقیکردنەوە وبەرزکردنەوەی هۆشیاری منداڵ بۆزانینی پەیوەندی نێوان هۆکار و دەرئەنجام و تەکنەلۆژیای مۆدێرن و پێشکەوتوو وهەروەها زانینی جیاوازیتاکایەتی لەنێوان تاکەکاندا لە هەمانکاتدا ڕاهێنانیان لەسەر پاشکەوتکردن ریسایکلکردن دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستە ژینگەییەکان (محمد،12:2001).

## بەڕێوەبەرێتی باخچەی منداڵان :

بەڕێوەبەرێتی باخچەی منداڵان پێویستی بە ئیدارەیەکی هۆشیار هەیە کە بزووتنەوەکەی ڕێکبخات و تێیدا کار بکات لە بەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەم قۆناغە. ئامانج لێی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە کە بۆی دانراوە کە ئەو کەسانەی بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانە ناچار دەکات کە بە تەواوی ئاگاداری فەلسەفەو ئامانجەکانی باخچەی منداڵان و ئەو بنەما ویاسا و تەشریعانە بن کە لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباردا پشتی پێ دەبەستێت (شریف،223:2009)

## تایبەتمەندیەکانی بەڕێوەبردنی باخچەی منداڵان :

بەڕێوەبردنی مانادار واتە، ئەو بەڕێوەبردنەیە کە پشت بە ستراتیژی کارو دیاریکردنی ئامانج و پلانی درووست دەبەستێت. هەروەها بەڕێوەبردن ئەرێنی بێت وبەڕێوەبردنێکی سلبی نەبێت بەڵکو ڕۆڵی سەرکردایەتی هەبێت لە بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی کارەکە. بەڕێوەبردن کۆمەڵایەتی بێت، بەڕێوەبردنەکە دەبێت ڕاوێژ و بەژداری لە بڕیاردان لەگەڵ کارمەندانی ڕێکخراوەکەدا لەخۆدەگرێت. بەڕێوەبردن مرۆڤانە بێت واتە لەسەر بنەمای پەیوەندی باش لەگەڵ ئەوانیتردا، گوێگرتن لە کەسانی تر گوێگرتن لە کێشەکانیان و گەیشتن بە چارەسەر بۆیان بەرز دەنرخێنن. بەڕێوەبردن دیموکراسی بێت بەو مانایەیە کە هەوڵەکانی کەسانی ترو

هەماهەنگی نێوانیان بەرز دەنرخێنێت و بۆئەوەی سیاسەت و بەرنامەی یەکسان لە نێوان کارمەندانیدا دابنێت (الماضی، 2018: 80) . لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسی هەیە کە دەبێت لە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بوونی هەبێت. واتە نموونەیەکی باش بێت بۆ بەرجەستەکردن چ ڕواڵەت و چ لە ڕەفتارو هەڵس و کەوتیدا و لە پێگەیشتنی هزریدا، هەروەها هەستی مرۆڤایەتی و برایەتی و هاوڕێیەتی هەبێت. و بۆئەوەی نموونە بێت دەبێت ڕێز بگرێت لە کات و دەوامی باخچە. لە هەمان کاتدا بەتەواوی هەست بەو بەرپرسیاریەتیە بکات کە پێی سپێردراوە بۆئەوەی ئەم هەستە بە تەواوی لە مامۆستا و منداڵەکاندا ڕەنگ بداتەوە. لەلایەکی دیکەوە خۆی تەرخان بکات بۆ کارەکەی و بۆ کەسانی تر نموونە بێت. و لە مامەڵە کردنی لە گەڵ دادپەروەرانە بێت ونەرم بێت لە هەڵس و کەوتکردندا و نەچێتە ژێر رکێفی هیچ کەس (شریف، 2009: 228)

## بوارەکانی گەشەپێدانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان :

پلان دانان یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی پرۆسەی کارگێری پێش پرۆسەکانی تر دەکەوێت، چونکە سەرکەوتنی هەر کارێک بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر پلانی باش بۆ داڕێژراوە، پلان دانانیش بەمانای دانانی ئامانج و سیاسەتی نەخشەکێشان و دانانی میکانزمی گونجاو و بۆیان و چۆنیەتی کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان، هەروەها بواری ڕێکخستن یەکێکە لە توخمە بنەڕەتیەکانی پرۆسەی کارگێری، ئەویش پێکهاتەی ڕێکخراوەی ئیداریە یان ئەو چوارچێوەیەیە کە هەوڵەکانی تێدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دانراوەکانە، هەروەک دابەشکاریەکانی کاری ئیداری ڕوون دەکاتەوە وئاماژە بەو دەسەڵاتانە دەکات کە پێیان دراوە. بواری ڕینمایی وئاڕاستەکردن لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانیدا واتە پێدانی ڕینمایی پێویست بۆ جێبەجێکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوزەحمەتی و کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە هەرکەس کاردەکات لەهەر دەزگاو ڕووبەرێکی ژیاندا پێویستیان بە کەسێکە بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردنیان. بواری کۆنترۆڵکردن زامنکردنە بۆئەوەی کارەکە بەپێی نەخشەکە جێبەجێ بکرێت و دڵنیابین لەوەی کەکارمەندان کار بەیاساکانی کارو ڕەفتارە و سیسیتەمی ڕێکخراوەکە دەکەن، یەکێک لە کارە بنەڕەتیەکانی کۆنترۆڵ پێوانەکردنی ئاستی ئەدا و ڕاستکردنەوەی ئەو لادانانەیە کە لە کاتی کارکردندا ڕوودەدەن. دواتر بواری تەنسیق، یەکێکە لە ئامانجی بەشەکەو ئیدارەکەو تەنسیقی کاریگەر لە نێوان چالاکیەکانی دامەزراوەکەدا لە ئەنجامی ئەدای کاریگەرە لە هەموو کارو چالاکیەکاندا (حسن، 2015: 56-53) بواری هەڵسەنگاندن ئەوە دەردەخات کە ئایا ئیدارەی باخچە سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی یان شکستی هێناوە نەیتوانیوە ئەنجام و ئامانجە خواستراوانە بەدیبهێنێت (شاهین و صیراف، 16)

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لەبەر رۆشنایی پێداچوونەوەی توێژەر بەو توێژینەوانەی پێشووتر، لە بواری بابەتی توێژینەوەی توێژەر، یاخود بابەتی نزیک و هاوشێوە کە پەیوەندیان بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە هەیە، چەند توێژینەوەیەک بەردەست کەوتن،کە باس لە (کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی ) دەکەن، کە هەریەکە لەو توێژینەوانە کاریان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەو و وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکەیان کردووە، لەبەرئەوەی کە هەمان بابەتی توێژینەوەی توێژەر بەهەردوو گۆڕاوەکە لە یەک توێژینەوەدا نەبوون، بۆیە توێژەر ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەندی یان نزیک بوون لە توێژینەوەکە وەرگرتووە، وپۆلێنی کردووە بۆ دوو تەوەر، کە بریتین لە:-

## توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی هەڵچوونی:

### توێژینەوەی واحدی و ئەوانیتر (2013):

ناونیشانی توێژینەوەکە پشکنینی بریتیە لە (پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و ڕێکخستنی مەعریفی- هەڵچوونی لەگەڵ باوەڕە وەسواسیەکان لەلای خوێندکارانی کچی قۆناغی ناوەندی شاری رەشت-ئێران). ئامانجی توێژینەوە بریتی بوو لە زانینی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و ڕێکخستنی مەعریفی- هەڵچوونی لەگەڵ باوەڕە وەسواسیەکان لە لای خوێندکارانی کچی  قۆناغی ناوەندی شاری رەشت. توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندیداری بەکارهێناوە. هەروەها نمونەی توێژینەوەکە (302)  خوێندکاری کچی قۆناغی ناوەندی خوێندنگا حکومیەکان شاری ڕەشتە، کە ڕێگای هەڵبژاردنی نمونەکە بە ڕێگەی هەڕەمەکی فرە قۆناغ یان هێشوویی بوو.و ئامرازی توێژینەوە پرسیارنامەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی (راجر و نجاریان ) و باوڕە وەسواسیەکان(OBQ) Obsessive belief questionnaire) و ڕێکخستنی مەعریفیە (گارنۆڤسکی و هاوکارانی ) بەکارهێنراون. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان لۆمە کردنی خود لە گەڵ باورە وەسواسیەکان و یەکێک بوو لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ پێشبینیکردنی بیروباوەڕە وەسوەسەییەکان، لە نێوان دوو گۆڕاوە پێشبینیکەرەکەی تردا، قبوڵکردن، دووبارە هەڵسەنگاندن و ڕاهێنان پێشبینیکەرترین گۆڕاوەکان بوون کە پەیوەندییان بە بیروباوەڕە وەسوەسەییەکانەوە هەبوو.

### توێژینەوەی عبدلملکی وئەوانیتر(2016) :

ناونیشانی توێژینەوە بریتیە لە (پشکنینی پەیوەندی نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان و کۆنترۆڵی هەڵچوونی هەڵکشانی ئالوودەبوون). و ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی پەیوەندی نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان و کۆنترۆڵی هەڵچوونی لەگەڵ هەڵکشانی ئالوودەبوون هەروەها توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندیان بەکارهێناوە. سەبارەت بە نموونەی توێژینەوە

(323) کەسی دانیشتوانی نیشتەجێ قەزای قلعە سەر بە شارۆچکەی قروەی ئێرانە،کە بە نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرابوو. بۆ ئامرازی توێژینەوەکە پێوەری ئامادەکراویان بۆ هەریەکە لە، ژینگەی سۆزداری خێزان (نۆدرگاە فرێد )و پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی (سیلڤێر، ڕۆف،ئیورسۆن، بارس وبروشک و هاکارانی )و پێوەری هەڵکشانی ئالودەبوون (موسەوی، دوستقرین،روشنفکر و دزفولی ).گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون **لە** بوونی پەیوەندی گرنگی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان لە گەڵ حەزی ئالوودەبوون. و هەروەها بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و هەڵکشانی ئالوودەبوون بە جۆرێک ئەم پەیوەندیە بەڵگەدارە بۆ هەموو بوارەکانی پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونیە بێجگە لە (توڕەبوون). هەروەها ئەنجامەکان نیشانی دەدەن ژینگەی سۆزداری خێزان دەتوانێت پێشبینی هەڵکشانی ئالوودەبوون بکات، بەڵام ناتوانێت پێشبینی کۆنترۆڵی هەڵچوونی بکات.

**توێژینەوەی حمدالله (2020):**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە کۆنترۆڵی هەڵچوونی لای بەرێوەبەرانی قوتابخانە ئەهلییەکان لە عەممان و پەیوەندی بەئاستی رەفتاری کارگێری نەخوازراو لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.ئامانجی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە **لە** زانینی ئاستی جێبەجێکردنی کۆنترۆڵی هەڵچوونی بەرێوەبەری قوتابخانە ئەهلییەکان لە روانگەی مامۆستایانەوە. هەروەها زانینی ئاستی جێبەجێکردنی رەفتاری کارگێری نەخوازراوی بەرێوەبەری قوتابخانە ئەهلییەکان لە روانگەی مامۆستایانەوە. و زانینی بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری بە پێی ئاستی( 0.05) لە نێوان ئاستی جێبەجیکردنی بەرێوەبەرانی قوتابخانە ئەهلییەکان لە عەمان بۆ کۆنترۆڵی هەڵچوونی و رەفتاری کا رگێری نەخوازراو. توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە، کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەیدا. نمونەی توێژینەوە بە ڕێگای هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرابوو، پێکهاتبوو لە ( 204) مامۆستا لە هەر دوو رەگەزی نێرو مێ، لە قوتابخانە ئەهلیەکانی عمان/اردن بۆ ساڵی خوێندنی( 2020-2019). سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە.و گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە ودەرئەنجامی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو کە ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی لە قوتابخانە ئەهلییەکانی شاری عەممان گەیشتە پلەیەکی بەرز و بەگشتی و لە هەموو بوارەکاندا،و هەروەها نمرەی ئاستی رەفتاری کارگێری نەخوازراو بە نمرەیەکی نزم هات، و ئەنجامەکانیش بەوە هات،بە بوونی پەیوەندیەکی نەرێنی بەلگەداری ئاماری لە نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و رەفتاری کارگێری نەخوازراو.

## توێژینەوەکانی تایبەت بە گونجانی پیشەیی:

### توێژینەوەی مام و حنة (2018):

ناونیشانی توێژینەوە بریتیە لە (خۆکارایی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لای مامۆستایانی فێرکردنی قۆناغی ناوەندی) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خوێندگای ناوەندی شەهید سعدی صالح لە سیدی عامر –المسیلة، جزائر. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی خۆکارایی، ئاستی گونجانی پیشەییە لای مامۆستایانی فێرکردنی قۆناغی ناوەندی، هەروەها ئامانجی دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی لە نێوان نمرەی گشتی، و ڕەهەندەکان بۆ پێوەری خۆکارایی، و گونجانی پیشەیی. توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (30) مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندی شەهید سەعدی ساڵح لە سیدی عامر، لە ماوەی ساڵی خوێندنی( 2018-2017). سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوکە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بۆ هەردووک گۆڕاوی خۆکارایی و گونجانی پیشەیی پێوەری ئامادەکرد.لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکان گەشتنە ئەوەی کە ئاستی خۆکارایی و گونجانی پشەیی گەورەیە،هەروەها پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری گەورە بوونی هەیە لە نێوان نمرەی گشتی و رەهەندەکانی پێوەری خۆکارایی،ونمرەی گشتی،و پێوەری گونجانی پیشەیی، و نمرەی گشتی،و پێوەری گونجانی پیشەیی، ونمرەی گشتی،و بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندەکانی نمرەی مامۆستایانی فێرکردنی قۆناغی ناوەندی.

### توێژینەوەی خلو (2019):

ناونیشانی توێژینەوە بریتیە لە(فشاری دەروونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لەلای مامۆستایانی سەرەتایی) توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەندێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری تقرب-جزائر" ئامانجی دەستنیشانکردنی ئاستی فشاری دەروونی بووە لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، هەروەها ئاستی گونجاوی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی خوێندنی سەرەتایی لە هەندێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی تقرت، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان فشاری دەروونی و خۆگونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتاییدا، بە پێی گۆڕاوی رەگەز(نیر و مێ) و هەروەها بە پێی گۆڕاوی پلەوئاست. توێژەر میتۆدی وەسفی الاستکشافی لە توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوون لە (120) مامۆستا. سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوە توێژەر بۆ گۆڕاوی فشاری دەرونی پێوەری بنیات ناو و بۆ گۆڕاوی گونجانی پیشەیی پێوەری ئامادەکراوەی شموری کامیلیا(2017 ) بەکارهێنا. وگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە وئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون: ئاستی فشاری دەروونی لای مامۆستایانی خوێندنی سەرەتایی بەرزە، ئاستی گونجاوی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی خوێندنی سەرەتاییدا بەرزە. هەروەها بوونی پەیوەندیی لە نێوان فشاری دەروونی

و خۆگونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەیە.جیاوازیی ئاماری لە نێوان فشاری دەروونی و گونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بوونی نییە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزییەوە. جیاوازی ئاماری بوونی نییە لە نێوان فشاری دەروونی و گونجاندنی پیشەیی لە نێوان مامۆستایانی خوێندنی سەرەتایی بە پێی گۆڕاوی پلەو ئاست.

## توێژینەوەی عجوة و ابو طير (2020):

ناونیشانی توێژینەوە بریتیەلە (بیرکردنەوەی ئەرێنی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس)،ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی سروشتی پەیوەندی بیرکردنەوەی ئەرێنی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەریب قودس. هەروەها توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەست گەرایی بەکارهێناوە. سەبارەت بە نموونەی توێژینەوە توێژەر سەرجەم ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس کە ژمارەیان66 ڕێنماییکارە لە هەردوو رەگەزەکە بۆ ساڵی خوێندنی(2020-2019). ئامڕازی توێژینەوە توێژەر هەردوو پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی، گونجانی پیشەیی بۆ سەرجەم ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بەکارهێناوە. و گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە بوونی پەیوەندی راستەوانەی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بیرکردنەوەی ئەرێنی و گونجانی پیشەیی، هەروەها لە ئەنجامدا دەرکەوتوە کە ئاستی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس لە ئاستێکی باڵادا بووە. وهیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری بوونی نەبووە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی لە ئاستی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەری قودس بە پێی گۆڕاوی رەگەز. هەروەها لە ئەنجامدا دەرکەوتوە کە ئاستی گونجانی پیشەیی لای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەوروبەریب قودس لە ئاستێکی باڵادا بووە.

## توێژینەوەی حليمە و اميرة (2020):

ناونیشانی توێژینەوەکە (فشاری دەروونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەیی لەلای ڕاهێنەرانی باخچەی منداڵان).توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری المسيلة -جزائر. ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ئاستی فشاری دەروونی و ئاستی گونجانی پیشەیی لە لای ڕاهێنەرانی باخچەی منداڵان.وتوێژەر ڕێگای وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. نموونەی توێژینەوەکە (40) ڕاهێنەر بوون، لە ماوەی ساڵی خوێندنی (2020-2019).سەبارەت بە ئامڕازی توێژینەوە،

توێژەر هەستاوە بە بونیاد نانی پێوەر بۆ فشاری دەرونی و هەروەها بۆ گونجانی پیشەیی پێوەری ئامادەکراوی( ایمان محمود عبیدی )بە کارهێناوە. گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە بەم شێوەیە بوون، بوونی پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان فشاری دەرونی و گونجانی پیشەیی لە لای ڕاهێنەرانی باخچەی منداڵان.

## پوختەی توێژینەوەکان :

## توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی هەڵچوونی:-

لە ڕووی ئامانجی توێژینەوە:

هەرچەند هەریەک لە توێژینەوەکان لە ڕووی ئامانجەوە جیاوازن، بەڵام بە گشتی جەخت دەکەنەوە لەسەر زانینی ئاستی جێبەجێکردنی کۆنترۆڵی هەڵچوونی، لە گرنگترین ئەو توێژینەوانەش توێژینەوەی (حمدالله و الصرایرة،2020) کە هاوشێوەیە لەگەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە کە بریتیە لە زانینی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز- جۆری باخچە)، ، بەڵام ئامانجی توێژینەوەی (واحدی و ئەوانیتر،2013) بریتیی بوو لە زانینی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و ڕێکخستنی مەعریفی- هەڵچوونی لە گەڵ باورە وەسواسیەکان، لە کاتێکدا ئامانجی توێژینەوەی (عبدلملکی و ئەوانیتر،2016) بریتیی بوو لە زانینی پەیوەندی نێوان ژینگەی سۆزداری خێزان و کۆنترۆڵی هەڵچوونی لەگەڵ هەڵکشانی ئالوودەبوون، هەروەها ئامانجی توێژینەوەی (نثاری و شاکردولق، 2019) بریتیی بوو لە زانینی رۆڵی کۆنترۆڵی هەڵچوونی، خۆشگوزەرانی دەروونی و ڕەفتارەکانی چاودێریکردنی خود لە پێشبینی کردنی دۆخی ژیانی کەسانی تووشبووبە نەخۆشی دڵ، لە کاتێکدا ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانەوە.

لە ڕووی میتۆدی توێژینەوە:

سەرجەم توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی هەڵچوون، میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە،هاوکات توێژەریش لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی شروشتی توێژینەوەکە وا دەخوازێت.

لە ڕووی نموونەی توێژینەوە:

هەریەک لە توێژینەوەکان قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەیان جیاوازە دەکەوێتە نێوان (135-204) نموونە لە هەردوو ڕەگەز، نموونەی ئەم توێژینەوەش پێکهاتبوو لە (51) بەڕێوەبەری باخچەی حکومی (27) بەڕێوەبەر لە باخچەی ناحکومی کە (78) بەڕێوەبەر بوون لە هەردوو ڕەگەز.

لە ڕووی ئامڕازی توێژینەوە:

بە گشتی سەرجەم توێژینەوەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە نموونەی توێژینەوە فۆڕمی ڕاوەرگرتنیان بەکارهێناوە،بە هەمان شێوە لەم توێژینەوەیشدا فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوانەکردنی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان بەکارهێنراوە.

لە ڕووی ئەنجامی توێژینەوە:

توێژینەوەکان جیاواز لە ئەنجامەکانیاندا بە پێی جیاوازی لە ئامانجەکانیاندا، بەڵام هەموو توێژینەوەکان لێکچوون لە بەرزی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی لای نموونەی توێژینەوەکانیان، بە هەمان شێوە لەم توێژینەوەشدا کۆنترۆڵی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵاندا.

**توێژینەوەکانی تایبەت بە گونجانی پیشەیی:**

لە ڕووی ئامانجەوە:-

هەرچەندە هەریەک لە توێژینەوەکان لە ڕووی ئامانجەوە جیاوازن، بەڵام ئامانجی هاوبەشی نێوان توێژینەوەکانی (عجوة و ابو طير،2020) (مام و حنة،2018) (حليمة و اميرة،2020 (خلو،2019) بریتیە لە زانینی ئاستی هەریەکە لە گۆڕاوەکان لە سەر نموونەی توێژینەوەکە و پەیوەندی هەریەکە لە گۆڕاوەکان لە سەر یەکتر، لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی ئاستی هەریەکە لە گۆڕاوەکان و پەیوەندی نێوانیان واتە کۆنترۆڵی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانیدا.

لە ڕووی میتۆدەوە:

بەگشتی زۆربەی توێژینەوەکان میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە، ئەم توێژینەوەش میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە.

لە ڕووی نموونەی توێژینەوە:

هەریەک لە توێژینەوەکان قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەیان جیاوازە دەکەوێتە نێوان (30-120) نموونە لە هەردوو ڕەگەز، نموونەی ئەم توێژینەوەش پێکهاتبوو لە (51) بەڕێوەبەری باخچەی حکومی (27) بەڕێوەبەر لە باخچەی ناحکومی کە (78) بەڕێوەبەر بوون لە هەردوو ڕەگەز.

لە ڕووی ئامڕازی توێژینەوە:

بە گشتی سەرجەم توێژینەوەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە نموونەی توێژینەوە فۆڕمی ڕاوەرگریان بەکارهێناوە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموویان ئەوەیە یان پێوەریان بنیات ناوە یان هی ئامادەکراویان بەکارهێناوە، هاوکات توێژەریش لە توێژینەوەکەیدا فۆڕمی

ڕاوەرگری بێ پێوانەکردنی ئاستی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان بەکارهێناوە.

لە ڕووی ئەنجامی توێژینەوە:

توێژینەوەکان جیاوازن لە هەندێک لە ئەنجامەکانیاندا بە پێی جیاوازی لە ئامانجەکانیاندا، بەڵام هەموو توێژینەوەکان لێکچوون لە بەرزی ئاستی گونجانی پیشەیی، بەهەمان شێوە لەم توێژینەوەشدا گونجانی پیشەیی لە ئاستێکی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان.

## سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

بە گشتی توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ درکپێکردن بە هەبوونی کێشەی توێژینەوەو ڕادەی گرنگییەکەی بۆ بەکرداری کردنی وەک توێژینەوەکی زانستی، هەروەها بۆ بابەتیبوونی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تیۆریدا زۆر سوودمەند بووە لێیان. ولەرووی چۆنیەتی ئامادەکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکە و هەروەها ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە و چۆنییەتی دەرهێنانی راستیی و جێگیریی ئامڕازەکاندا، و لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتاو زانیارییەکان و هاوکێشە ئامارییەکان سوودی زۆری لە توێژینەوەکانی پێشوو بینیوە.

# بەشی سێهەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

## میتۆدی توێژینەوەکە

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

## نموونەی توێژینەوەکە

## ئامڕازی توێژینەوەکە

## ئامڕازە ئامارییەکان

## بەشی سێهەم

### ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە پێکدێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی لە لایەن توێژەرەوە پەیڕەوی کراوە. لەگەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نمونە یان نموونەی توێژینەوەکە. هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە، لەگەڵ ریکاریەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوە، و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون. بەم شێوەیە خوارەوە:-

### میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی (وەسفی) یە،هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان کۆنترۆلکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەییدا لە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان بدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی پەیوەندی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. جگەلەوەی کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت توێژەر پەنابەرێتە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی پەیوەندی، و دەتوانین بڵێین کە میتۆدی وەسفی پەیوەندیدار بریتیە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان یان پێشبینی کاریگەری گۆڕاوێک بە گۆڕاوێکی تر دەکات بە بەکارهێنانی ڕێگای ئاماری پێشکەوتوو ( ابوعلام،239:2006)

### کۆمەڵگەی توێژینەوە :

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان (حکومی و ناحکومی) سەر بە هەردووبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوا و ڕۆژهەڵات شاری سلێمانی. بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2021) و ژمارەیان ( 78) بەڕێوەبەرە.

### نموونەی توێژینەوە:

سامپلی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( 10) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی نێر و (68) بەڕێوەبەر لە ڕەگەزی مێ، وەک لە خشتەی (2)دا خراوەتەڕوو، توێژەر ئاماری سەرجەم بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات) لە شاری سلێمانی،وەرگرتووە، هەروەک لە پاشکۆی (1) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە ( 2)**

**نموونەی توێژینەوە**

| بەڕێوەبەرایەتی | باخچەی حکومی | | باخچەی ناحکومی | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | 6 | 31 | 0 | 21 | 58 |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 3 | 11 | 1 | 5 | 20 |
| کۆی گشتی | 9 | 42 | 1 | 26 | 78 |

## ئامرازەکانی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەستووە بە دوو ئامڕازی توێژینەوە هەروەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

## پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی :

لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەر، توانی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی بۆ پێوانی کۆنترۆڵی هەڵچوونی، پەیدا بکات . توێژەر پەنای بردە بەر بەکارهێنانی پێوانەی کۆنترۆڵ کردنی هەڵچوونی( زبیر شریف،2022) کە بە زمانی کوردی ئامادەکرابوو، و ژمارەی بڕگەکانی (42) بڕگە بوون لە پاشکۆی ژمارە (2) خراوەتە ڕوو.

**شیاوی ڕواڵەت :**

بۆ دیاریکردنی شیاوی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (7) شارەزا و پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەو و دەروونزانی پەروەردەیی)، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەر گۆڕانکاریەک پێیان باشە پیشنیاری بکەن هەروەک لە پاشکۆی ژمارە(2) ڕوونکراوەتەوە، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان (90%) بوو، بەم شێوەیە لە کۆی (42) بڕگە سەرجەمیان مانەوە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگری کۆنترۆڵی هەڵچوونی (100%) بوو، هەروەک لە پاشکۆی (3) ڕوونکراوەتەوە.

## شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوون:

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی راستگۆیی و جێگیری و توانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم برگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە رێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

## پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە کۆی نمرەی گشتی پێوانەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی و دواتر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) لە نێوان برگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزییەوە،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە سەرجەم هاکۆلکەکانی برگەکان بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی ژمارە (3) دیارە.

**خشتەی(3)**

**هێزی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوون**

| ژمارەی برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی برگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | 15 | 0.321 | 29 | 0.263 |
| 2 | 0.378 | 16 | 0.321 | 30 | 0.379 |
| 3 | 0.282 | 17 | 0. 354 | 31 | 0.320 |
| 4 | 0.475 | 18 | 0.488 | 32 | 0.209 |
| 5 | 0.230 | 19 | 0.402 | 33 | 0.372 |
| 6 | 0.302 | 20 | 0.290 | 34 | 0.466 |
| 7 | 0.202 | 21 | 0.279 | 35 | 0.412 |
| 8 | 0.344 | 22 | 0.243 | 36 | 0.651 |
| 9 | 0.246 | 23 | 0.354 | 37 | 0.394 |
| 10 | 0.288 | 24 | 0.402 | 38 | 0.372 |
| 11 | 0.354 | 25 | 0.377 | 39 | 0.347 |
| 12 | 0.224 | 26 | 0.319 | 40 | 0.382 |
| 13 | 0.248 | 27 | 0.275 | 41 | 0.325 |
| 14 | 0.402 | 28 | 0.271 | 42 | 0.358 |

**جێگیری :**

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا:

**یەکەم: ڕێگای تاقیکردنەوە دووبارە تاقیکردنەوە Test-retest:**

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە دوو جار بەسەر هەمان نموونەدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێک ماوەی زەمەنیان لە (21) ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوانەکە بە شێوازی (Test-retest)، بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (26-4-2022) پێوانەکە بە سەر (20) بەڕێوەبەردا جێبەجێکرا، کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، دوای تێپەڕبوونی (20) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (15-5-2022) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە و دواتر پەیوەندی لە نێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) دۆزرایەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە (0.62)، ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکە بەرزە، هەروەک لە خشتەی (4) ڕوونکراوەتە.

**خشتەی (4)**

**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی**

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 174.0000 | 12.03941 | 0.622 |
| دووەم | 155.7500 | 12.40490 | |

**دووەم: ڕێگای ئەلفا- کرۆنباخ:**

توێژەر لە بەرنامەی (SPSS) جێگیری پێوانەکەی بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزییەوە،کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، دەرکەوت ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە( 0.828) ئەمەش جیگیرییەکی بەرزە.

## تایبەتمەندی و ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی پێوانەی کۆنترۆڵی هەڵچوونی:

توێژەر دوای ئەوەی شیاوی وجێگیری بۆ پێوانەی(کۆنترۆڵی هەڵچوونی) دیاریکرد، پێوانەکەی بە شێوەی کۆتایی (42) بڕگە مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (6) خولەک بوو،هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی بڕگەکان بە جۆری پێنج بژاردە دارێژرابوو، واتە(5)

بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە، کە بریتین لە (بەبەردەوام،زۆرجار،هەندێکجار،کەمجار،هەرگیز) وبەهای بژاردەکان بریتیە لە(1،2،3،4،5)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر بڕگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە، دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (210) نمرەیە و نزمترین (42)نمرەیە، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە ( 4 ) خراوەتە ڕوو.

## فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ ئامادەکردنی پێوانەی گونجانی پیشەیی:

لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی (گونجانی پیشەیی) توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەک بە زمانی عەرەبی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی (گونجانی پیشەیی)ەوە هەیە، دواتر سوودی لە پێوانەی ( وسام عداد،2017) و (الایمان محمود، 2020)وەرگرت، کە لە پاشکۆی ژمارە (5) (6) خراونەتەڕوو، لە کۆی سودد وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی(50) بڕگە دابڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (7) خراوەتەڕوو، دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجام درا وەک:

## شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی گونجانی پیشەیی:

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری و توانای جیاکاری لە نێوان بڕگەکانی پێوانە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوانەکە ئەنجام دا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

### پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەکە:

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەکبە نمرەی گشتی پێوانەی گونجانی پیشەیی دواتر بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person)ی لە نێوان بڕگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە سەرجەم هاوکۆلکەکانی بڕگەکان بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) وەک لە خشتەی ژمارە(5) دیارە.

## خشتەی(5)

### هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی گونجانی پیشەیی

| ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.459 | 18 | 0.369 | 35 | 0.642 |
| 2 | 0.447 | 19 | 0.354 | 36 | 0.329 |
| 3 | 0.273 | 20 | 0.272 | 37 | 0.470 |
| 4 | 0.219 | 21 | 0.412 | 38 | 0.563 |
| 5 | 0.375 | 22 | 0.269 | 39 | 0.463 |
| 6 | 0.842 | 23 | 0.608 | 40 | 0.449 |
| 7 | 0.434 | 24 | 0.332 | 41 | 0.586 |
| 8 | 0.282 | 25 | 0.351 | 42 | 0.604 |
| 9 | 0.642 | 26 | 0.614 | 43 | 0.535 |
| 10 | 0.395 | 27 | 0.339 | 44 | 0.542 |
| 11 | 0.282 | 28 | 0.499 | 45 | 0.403 |
| 12 | 0.365 | 29 | 0. 462 | 46 | 0.408 |
| 13 | 0.427 | 30 | 0.651 | 47 | 0.321 |
| 14 | 0.201 | 31 | 0.613 | 48 | 0.417 |
| 15 | 0.250 | 32 | 0.432 | | |
| 16 | 0.241 | 33 | 0.372 | | |
| 17 | 0.189 | 34 | 0.534 | | |

## شیاوی ڕواڵەت :

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (7) شارەزا و پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەو و دەروونزانی پەروەردەیی)، هەروەک لە پاشکۆی (7) ڕوونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەر گۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیاری بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان (90%) بوو، ژمارەی بڕگەکانی (50) بوون و دابەشی کردبوو بەسەر (5) بواردا.دوای گەڕانەوەی پێوەرەکە لە لایەن

شـارەزایانەوە، بە کـۆی دەنـگ بـڕگەی ژمـارە(11و 25) لابـران و (48) بـڕگە جێگیـر کـران. هەروەک لە پاشکۆی ژمارە ( 8) ڕوون کراوەتەوە.

## شیاوی وەرگێڕان:

توێژەر لەبەرئەوەی پەنای بردووە بۆ پێوەرێکی ئامادەکراو، کە هەموو خەسڵەتە زانستیەکانی تێدایە، ئەوە بۆ ئەنجامدانی ڕاستی وەرگێران بۆ پێوەرەکە، توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر:

یەکەم: سـەرەتا وەرگێڕێکـی یاسـایی پسـپۆڕ، شـارەزا لە هەردوو زمـانی کـوردی و عەرەبیـدا، پێورە ڕەسەن و ئۆرجیناڵەکەی لە زمانی عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێرا.

دووەم: پسـپۆڕێکی زمانی عەرەبی(هەمـان کەسـی پێشـتر نەبوو) کە شـارەزای هەردوو زمـانی عەرەبـی و کـوردی بـوو، وێنەیەکـی کـوردی پێـورەکەی، سـەرلەنوێ وەرگێـرایە سـەر زمـانی عەرەبی.

سـێیەم: لەم قۆنـاغەدا هەردوو وێـنەی پێـوەرەکە کە بە زمـانی عەرەبـی (یەکەم ئۆرجینـاڵەکەو دووەم ئەوەی لە کوردیەوە کراوە بە عەرەبی)، بەمەبەسـتی بەراوردکردن، دران بە پسـپۆڕێکی زمانی عەرەبی،( کەسـەکانی پێشـتر نەبوون) بۆی دەرکەوت کە هەر دوو وێنە عەرەبیەکە زۆر لەیەک دەچن و لە ڕوی ماناوە هیچ جیاوازیەکیان نییە، ئیدی بەم شـێوەیە توێژەر دڵنیـابۆوە لە ڕاستی وەرگێرانی ئەو بڕگانەی پێوەرەکە، کە وەریگرتوون، هەروەک لە پاشـکۆی ژمـارە (10) خراوەتە ڕوو.

## جێگیری :

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا:

**یەکەم: ڕێگای تاقیکردنەوە دووبارە تاقیکردنەوە Test-retest:**

لەم ڕێـگەیەدا ئـامرازی تـوێژینەوەکە دوو جـار بەسـەر هەمـان نمـوونەدا جێبەجـێ دەکـرێتەوە بەمەرجێـک مـاوەی زەمەنیـان لە (21) ڕۆژ کەمتـر نەبێـت، دواتـر ئەو هـاوکۆلکە پەیوەنـدییەی دەسـتمان دەکەوێـت ڕادەی جێگیـری پێـوانەکە نیشـان دەدات، جێگیـری پێـوانەکە بە شـێوازی (Test-retest)، بـۆ جـاری یەکەم لە ڕێکەوتـی (26-4-2022) پێـوانەکە بە سـەر (20) بەڕێوەبەردا جێبەجێکرا، کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، دوای تێپەڕبوونی (20) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (15-5-2022) دووبـارە پێوانەکە لەسـەر هەمـان نمـوونە جێبەجێکرایەوە و دواتـر پەیوەنـدی لە نێـوان ئەنجـامی یەکەم و دووەم لە ڕێـگەی هـاوکۆلکەی پەیوەنـدی پێرسـۆن (person) دۆزرایەوە، لە ئەنجامـدا دەرکەوت بەهـای پەیوەنـدی نێـوان ئەنجامـدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە (0.64)، ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگیری پێوانەکە بەرزە، هەروەک لە خشتەی (6) ڕوونکراوەتە.

**خشتەی (6)**

**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی گونجانی پیشەیی**

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 101.5500 | 6.62114 | 0.664 |
| دووەم | 111.8000 | 6.79473 | |

**دووەم: ڕێگای ئەلفا- کرۆنباخ:**

توێژەر لە بەرنامەی (S.P.S.S) جێگیری پێوانەکەی بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزییەوە،کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، دەرکەوت ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە( 0.823) ئەمەش جیگیرییەکی بەرزە.

## تایبەتمەندی و ڕێنمایی بەکارهێنانی پێوانەی گونجانی پیشەیی:

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆیی وجێگیری بۆ پێوانەی(کۆنترۆڵی هەڵچوونی) دیاریکرد، پێوانەکەی بە شێوەی کۆتایی (48) برگە مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی برگەکان ڕوون بوون لەلای بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (7) خولەک بوو،هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی برگەکان بە جۆری سێ بژاردە دارێژرابوو، واتە(3) بژاردە لەبەرامبەر برگەکان هەیە، کە بریتین لە (هەمیشە،هەندێکجار،هەرگیز) وبەهای بژاردەکان بریتیە لە(1،2،3)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر برگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە، دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (144) نمرەیە و نزمترین (48)نمرەیە.

## جێبەجیکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی کۆتایی:

دوای دڵنیابوونی توێژەر لە ڕاستی و جێگیری ئامڕازی توێژینەوەکەی، توێژەر لە ڕێکەوتی ( 17-5-2022 ) بە شێوەی دەستی و ئەلەکترۆنی دەستی کرد بە جیبەجێکردنی پێوانەکانی توێژینەوەکەی بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیدا، کە پێک هاتبوو لە (78) بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، لە هەردوو بەرێوەبەرایەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوا (حکومی و ناحکومی)،دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەرەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوای لە بەرێوەبەران کرد بە وردی وڕوونی وەڵامی گشت برگەکان بدەنەوە، دواتر سەرجەم فۆرمی ڕاپرسیەکانی کۆکردەوە، ئەنجامدانەکە لەبەرواری(2022-6-9 ) کۆتایی پێهات.

## ئامرازەکانی ئامار کردن:

تـوێژەر کـارە ئامارییەکـانی لە ڕێگەی بەکارهێنـانی پرۆگرامـی (SPSS) هەگـبەی ئامـاری بـۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (25) وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەی خوارەوە:

1. (Cronbach's Alpha ) ئەلفا کرۆنباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوانە.
2. (One sample T-test ) بـۆ دەرخسـتنی ئاسـتی کـۆنترۆڵکردنی هەڵچـوونی و گونجانی پیشەیی بە شێوەیەکی گشتی.
3. (Independent sample T-test) بـۆ مەبەسـتی زانینـی جیـاوازی بەڵگەداری ئاماری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشـەیی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و جۆری باخچە.
4. (Pearson Correlation) بۆ زانینی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی.

هاوکێشە ئامارییەکان:

1. تاقیکردنەوەی(t)بۆیەک نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

2. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

3. هاوکێشـەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^{-})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

4. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)( بۆ زانینی جێگیری و پەیوەندی گۆڕاوەکان)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

5. ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach’s) (بۆ زانینی جێگیری پێوەرەکان)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

(الجادری، 2007:288)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

## دەرئەنجام و گفتوگۆ

## ڕاسپاردە

## پێشنیاز

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان :

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوە کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و ڕاڤەکردنیان و لە کۆتاییدا راسپاردەو پشنیار خراونەتەڕوو.

**ئامانجی یەکەم :زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) ئامرازی ئاماری ( One Sample T-test) بۆبەراورد کردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی (162.46)بوو. ئەم نرخە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەی پێوانەکە کە بریتی بوولە (126) بە لادانی پێوەری (1.57) . هەروەها دەرکەوت بەهای (t) هەژمارکراو بریتیە لە (20.82) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05 ) هەروەک لە خشتەی (7) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت وناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەریوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە(7)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانیبە شێوەیەکی گشتی لە پێوەری کۆنترۆلی هەڵچوونی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 78 | 162.46 | 126 | 1.57 | 77 | 20.82 | 1.69 | بەڵگەدارە |

کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامەی لە سەرەوە دەرچووە دەریدەخات بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونیان هەیە بە ئاستێکی بەرز، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتوویی بەریوەبەران، هەروەها ئەو کۆمەڵ خول و دوراتانەی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەکرێتەوە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر تاکی بەرێوەبەر، بەو مانایەی ڕەچاوی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەست و هەڵچوونیان خۆیان دەکەن و دەزانن بە پێی هەڵوێستە جیاوازەکان چۆن رەفتار بکەن، و بە گفتوگۆیەکی ئارام و ڕێزدارانە لەگەڵ کەسانی دیکەدا و ڕەخنە قبوڵ کردن و لە ڕێگەی دیالۆگی بابەتییەوە

باس له پرسه تایبەت و گشتییەکان بکەن و بۆچوونەکانیان بەڕێزەوە دەرببڕن و گوێ له بۆچوون و بیروڕای بەرامبەر بگرن.ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوە (حمدالله و الصرايرة، 2020).

**ئامانجی دووەم: ا. زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر ومێ).**

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان (نموونەی توێژینەوەکە) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەرهێنا، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent sample T-test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو (0.61) نمرەیە بچوکترە لە نرخی (t)تائی خشتەیی (1.69) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (8) دیارە.

**خشتەی ژمارەی (8)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی ( t)(دوو نموونە) بۆ نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ)**

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 10 | 165.30 | 5.81 | 76 | 0.61 | 1.69 | بەڵگەدار نیە (0.538) |
| مێ | 68 | 162.04 | 16.40 | | | | |

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و نمرەکانی ڕەگەزی مێ لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی نیە. بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو ڕەگەز لە ژینگەی هاوشێوەدا ژیان دەگوزەرێنن. ئەم دەرئەنجامەش یەکانگیر نیە لەگەڵ هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشو.

**ئامانجی دووەم: ب. زانینی ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)**

بۆ زانینی ئەم جیاوازیە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەرهێنا پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent sample T-test) بە پشت

بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو (1.08) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەلگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (9) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارەی (9)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بە پێی جۆری باخچە**

| جۆری باخچە | نموونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 52 | 163.80 | 15.19 | 76 | 1.08 | 1.69 | بەڵگەدار نیە 0.280 |
| ناحکومی | 26 | 159.76 | 15.95 | | | | |

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بە پێی جۆری باخچە. لە دوای سەردانیکردنی خودی توێژەر بۆ باخچەکان بە هەر دوو جۆرەکەیەوە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەبوونی ئامانج و پەیامی ڕوون وئاشکرای باخچەکان بە جۆرێک کە هەریەکەیان بە بێ جیاوازی هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی باخچەکەیان دەدەن، واتە زۆر بە ڕوونی بەر ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەی بەڕێوەبەر و هەموو ستافەکانی باخچەکان کەوتم، کە چەند بەپەرۆش و دڵسۆزانە کار دەکەن بە بێ هیچ جیاوازیەک لە هەر دوو جۆر حکومی و ناحکومیەوە.

ئامانجی سێیەم:

**(زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی)**

بە بەکارهێنانی ( One Sample T-test) توێژەر هەستا بە بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەی. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (110.47). ئەم نرخە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەی پێوانەکە کە بریتی بوو لە (96) بە لادانی پێوەری (9.43) . هەروەها دەرکەوت بەهای (t) هەژمارکراو بریتیە لە (13.55) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05 ) هەروەک لە خشتەی (10) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری

ئامـــاری بەدیـــدەکرێت  وناوەنـــدە ژمێرەیـــی گەورەتـــرە لە ناوەنـــدە گریمـــانەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەریوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە(10)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نموونە) بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی لە پێوەری گونجانی پیشەیی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 78 | 110.47 | 9.43 | 96 | 77 | 13.55 | 1.69 | بەڵگەدارە |

کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامەی لە سەرەوە دەرچووە دەریدەخات بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شـاری سلێمانی گونجانی پیشـەییان هەیە بە ئاسـتێکی بەرز. بە بۆچـوونی توێژەر هۆکـارەکەی لێکتێگەیشـــتن و هاوکـــاری و خۆشەویســـتی نێـــوان مامۆســـتایان و ســـتافی کـــارگێڕی و خوێندکارانەوە بێت، وە هەبوونی گیان هاوکاری و دەستپێشخەری لە شوێنی کاردا و زاڵبوون بەسـەر بـارودۆخە فشـاراویەکان و  ڕووبەڕووبونەوەیـان، وە خـۆ گونجانـدن لەگەڵ ژیـنگەی ئەرێنـی و نەرێنـی لە نـاوەوە و دەرەوەی ژینگەیـی بـاخچە و هەبـوونی ئـارەزووی کارکردنیـان ئەمە پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ ئەوان، هەروەهـا بوونی لێکتێگەیشـتن لە نێوان ئەندامانی خێزان و ئەمەش ڕەنـگە گونجانـدنێکیان پێبـدات لە پیشـــەکەدا.   ئەم ئەنجـامەش یەک دەگـرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عجوة و ابو طير، 2020)، توێژینەوەی (مام و حنة، 2018)، توێژینەوەی (الشاعر و سبيحة، 2019) ئەم توێژینەوانە دەریانخست ئاستی گونجانی پیشـەیی بەرزە  لای نموونەی توێژینەوەکەیان.

## ئامانجی چوارەم:

**أ. (زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕیوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز)**

بۆ گەیشتن بەم ئامـانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی نمرەکانی بەریـوەبەرانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لەسـەر پێوەری گونجـانی پیشـەیی دەرهێنـا، پاشـان بە بەکارهێنـانی تـاقیکردنەوەی تـائی بـۆ دوو نموونەی سـەربەخۆ independent sample T-test) بە پشـت بەسـتن بە بەرنـامەی ئامـاری (SPSS) دەرکەوت کە نرخـی (t) ئەژمـارکراو

بریتیە لە (1.58) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (11) دیارە.

**خشتەی ژمارەی (11)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارەی نموونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی ئەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 10 | 106.10 | 8.26 | 76 | 1.58 | 1.69 | بەڵگەدار نیە 0.117 |
| مێ | 68 | 111.11 | 9.47 | | | | |

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەییی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی پیشەی بەڕێوەبەری باخچە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەستکردن بە ئاسودەیی و سەلامەتی و دڵنیایی لای هەردوو ڕەگەز، هەروەها هەبوونی هەمان ئاستی تموح و کۆڵنەدان و جددی لە کارکردندا و پەیوەندییان بە پیشەکەیانەوە و پاپەندبوونیان پێیەوە لای هەردوو ڕەگەز وەکو یەکە، وە دابینکردنی پێداویستیە ماددیەکان و بوونی گیانی هاوکاری و متمانە و خۆشەویستیان بۆ کارەکەیان لای هەردوو ڕەگەز وا لێکردن وەک تیمێک کاربکەن و بگونجێن لە ڕووی پیشەییەوە. ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەی دەرئەنجامی توێژینەوەی (خلو،2019) ئەم توێژینەوەش دەریخست ئاستی گونجانی پیشەیی جیاوازی نیە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

**ب. (زانینی ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەپێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)**

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی نمرەکانی بەرێوەبەرانی باخچەی منداڵان بە پێی جۆری باخچە لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ independent sample T-test) بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) دەرکەوت کە نرخی (t) ئەژمارکراو

بریتیە لە (1.036) بە نمرەی ئازادی (76)، لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (12) دیارە.

**خشتەی ژمارەی (12)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە بۆ نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەیی بەپێی جۆری باخچە**

| جۆری باخچە | نموونەی توێژینەوە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی ئەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 52 | 109.69 | 9.42 | 76 | 1.036 | 1.69 | بەڵگەدار نیە 0.303 |
| ناحکومی | 26 | 112.03 | 9.41 | | | | |

لەبەر ئەوەی بەهای تائی ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری نیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری گونجانی پیشەییی بە پێی جۆری باخچە.بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڕێوەبەران لە هەردوو جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) وەک یەک هەست بەخۆشی و دڵنیایی و ئاسودەیی و سەلامەتی و جێگیرو ڕێزگرتن دەکەن لە ژینگەی کاردا، هەروەها دابینکردنی هاندانە ماددی و ئەخلاقییەکان و تێپەڕاندنی بارودۆخی دەوروبەریان کە ئەوانە بەرهەمی سەرکەوتن و گونجان لە چالاکی پیشەیی بە دەست دەهێنێت لە هەردوو جۆری باخچە وەکو یەکە،ئەم دەرئەنجامەش یەکانگیر نیە لەگەڵ هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو.

### ئامانجی پێنجەم :

### زانینی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی

بەمەبەستی زانینی سروشتی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل ارتباط بیرسون) بەکار هێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS). لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی پەیوەندی لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکە یەکسانە بە (0.34). واتە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤی لاواز

هەیە لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی .کە ئەنجامەکەی لە خشتتەیەی ژمارە (13) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (13)**

**ئەنجامەکانی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی**

| گۆڕاوەکان | نموونەی توێژینەوە | نرخی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|
| کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی | 78 | 0.34 | o. o1بەڵگەدارە |
| گونجانی پیشەیی | | | |

ئەم خشتەیەی سەرەوە پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان روون دەکاتەوە واتە پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە ئەگەر کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بەرز بێت ئاستی گونجانی پیشەیش بەرز دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گونجانی پیشەیی لەناو بەڕێوەبەرانی باخچە وە بە پێچەوانەوەشەوە گونجانی پیشەییش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی، چونکە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی بریتییە لە ڕێکخستنی خود کە یارمەتی تاک دەدات بە ئاگاییەوە ڕووبەڕووی بارودۆخەکان و فشارو سەختیەکانی ژیان ببێتەوە وە بڕیاری دروست بدات، ئەمەش ئەگەری سەرکەوتنی تاک زیاد دەکات لە ئەنجامدانی کارەکانی وا لە تاک دەکات گونجانی پیشەیی هەبێت لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکانی داو وە سەرکەوتوبێ لە مامەڵکردن و پەیوەندیکردنی لەگەڵ کەسانی تردا... کۆنترۆڵکردنی هەڵچونی و گونجانی پیشەیی تایبەتمەندی ئەو کەسانەیە کە کەسایەتییەکی بەهێزو تەندروستی دەروونی باشیان هەیە. ئەم دەرئەنجامەش لەگەڵ هیچ کام لە توێژینەوەکانی پێشوو یەکانگیر نیە.

## دەرئەنجامەکان:

دوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشت:

1- ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی.

2- أ.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

ب. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو بۆ ئاستی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) .

3- ئاستی گونجانی پیشەیی لە ئاستێکی بەرزدایە لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

4- أ.جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

ب. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بە پێی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)

5- پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی هەیە لە نێوان کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی و گونجانی پیشەیی لای بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی.

## ڕاسپاردەکان:

بە پێی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەخاتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. هەرچەند کە بە پێی دەرئەنجامەکان ئاستی بەریوەبەران بۆ کۆنترۆڵی هەلجوونی و گونجانی پیشەیی بەرزە بەڵام دەکرێت بۆ زیاتر پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبەرانی باخچە بە هاوکاری سەرپەرشتیارانی بەرپرس بەڕێگەی پێدانیان بۆ زانینی ئەنجامی توێژینەوەی زانستییانەکان و بانگهێشتکردنیان بۆ کۆنفرانس و سیمینارەکان بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە نوێترین ڕەوتەکان.

2. هەروەها ئەنجامدانی خول بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بەرێوەبەران لە سەر پلاندانان و جێبەجێکردنی کارامەییەکانی فێرکردن و بەرێوەبردن بە پێی سییستەمی بەرێوەبردن و ساڵنامە.

3. پێدانی پاداشتی ساڵانە بە بەرێوەبەرانی باخچە بە مەبەستی هاندانیان بۆ مانەوە لەم ئاستە باشەی لێهاتووییەکانیان لە کارکردن بۆ کەرتە پەروەردەییەکان.

4. زیادکردنی هاوکاری لە نێوان بەشەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵای کوردستان، بەشی چاودێری، بەشی کارگێڕی باخچەکان، لەگەڵ سەرپەرشتی تەکنیکی و ڕاهێنانی بەڕێوەبەرانی باخچە و مامۆستایان.

5. تەرخانکردنی شوێن لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان (باخچەی منداڵان) بۆ نەهێشتنی گرژی و تەشەنوج و فشار، وەک ژووری تایبەت بۆ ئیسراحەتی دەروونی.

## پێشنیارەکان:

لەبەر رۆشنیایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند پێشنیارێکی پەروەردەیی خستە ڕوو ئەوانیش بریتین لە:

1. ئەنجامی توێژینەوەیەک لەسەر پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ ئامادەکردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە بەر رۆشنایی پێشهاتەکانی دوایی باخچەکاندا.

2. ئەمجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەگەڵ فراوانکردنی نموونەی توێژینەوەکە واتە ناوچەو پارێزگاکانیتر بگرێتەوە.

3. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کۆنترۆڵی هەڵچوونی و پەیوەندی بە گونجانی پیشەییەوە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

4. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی بەریوەبەرەکانی باخچە دەبێتەوە.

5. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری بەرنامەکانی ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان لە باخچەی منداڵان لە ژێر ڕۆشنایی ڕەوتی سەردەمدا.

# سەرچاوەکان

## لیستی سەرچاوەکان


### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

- السایغ،لیلی (2006): **رابەری باخچەی ساوایان**،وەرگێران :وەزارەتی پەروەردە،چ(1)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.
- بۆکانی، صابر (2020): **ئینسکلۆپیدیای زانستە دەروونیەکان**، چ(1)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

### توێژینەوە:

- حەمە، رێناس قادر (2021): **بیرکردنەوەی ناعەقڵانی و پەیوەندی بە ڕازیبوون لە ژیان لای بەرێوەبەران و یاریدەدەرانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی شاری سلێمانی**، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،بەشی باخچەی منداڵان.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

**کتێبەکان:**

- ابوعلام،رجاء محمود (2006): **مناهج البحث فی العلوم النفسية و التربوية**، ط1،دار النشر للجامعات-مصر.
- بدوی،احمد زكی (1977): معجم **مصطلحات العلوم الاجتماعية** مكتبة لبنان، بيروت.
- جلال، سعد (1970):**في الصحة العقلية**، دار المطبوعات الحديثة الإسكندرية .
- حشمت، حسين أحمد، باهي، مصطفى حسين (2006): **التوافق النفسي والتوازن الوظيفي**، ط1، دار العالمية للنشر و التوزيع، مصر.
- الخالدي عطاء هللا فؤاد، العلمي دالل سعد الدين (2009):**الصحة النفسية وعالقتها بالتكيف والتوافق**، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان، األردن.
- الخثيلة، هند بنت ماجد محمد(2000 ): ادارة رياض الأطفال. العين: دار الكتاب الجامعي.
- الداهری، صالح أحمد حسين(2008): **أساسيات التوافق النفسي و االضطرابات السلوكية و االنفعالية،األسس و النظريات**، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
- الريماوی، محمد و اخرون(2011): **علم النفس العام**، ط4،دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة،عمان،الاردن.
- الشاذلی،عبد المجيد محمد (2001):**الصحة النفسية و سيكولوجية الشخصية**،المكتبة الجامعية، ط2.
- الشاهين و عبدلعزيز و فاطمه محمد صراف(-)، الدورة التدريبية للمشرحات للوظائف الاشرافيةوظيفة مدير و مساعد، ط1.

- الماضی،محمد سيد عبدالقادر (200حسن5): ادارة رياض الاطفال و تطبيقاتها، ط1، دار لمسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان.
- صالح،ابراهيم (2010): **علم النفس التجريبى**، ط1،دار البداية ناشرون و موزوعون، عمان، الاردن.
- العجمي، محمد حسنين(2000): **الإدارة المدرسية**،دار الفكر العربي، القاهرة.
- الزغول،عمادوالهنداوى،على(2014): **مدخل الى علم النفس**،ط8،دار الكتاب الجامعى،العين،الامارات العربية المتحدة.
- الطاهر محمد، نقموش (2017): **التوافق المهنى و علاقتة بالولاء التنظيمى لدى عمال مؤسسة سونلغاز**، مجلة العلوم الاجتماعية، الجزائر.
- عدس، محمد عبدلرحيم (2009): مدخل الى رياض الاطفال، ط(3)، دار الفكر ناشرون، عمان.
- غبارى،ثائر،واخرون(2008): **علم النفس العام**، ط1،مكتبة المجتمع العربى للنشر و التوزيع، عمان،الاردن.
- كنانى،ممدوح و اخرون (2002): **المدخل الى علم النفس**، ط2،مكتبة الفلاح للنشر و التوزيع، الكويت.
- مجيد، سوسن شاكر(2009): **علم نفس النمو للطفل**،ط1،دار صفاء للنشر و التوزيع،عمان،الاردن.
- مدحت،عبدالحميد(1990): **الصحة النفسية و التوافق الدراسي**، دار المعرفة الجامعية،القاهرة.
- شريف، السيد عبدالقادر (2009): ادارة رياض الاطفال و تطبيقاتها، ط3، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان.

تويژینەوەکان:

- اشبير،نور(2018):***التنبؤ بالاتزان الانفعالى فى ضوء صورة الجسم و الشرة العصبى لدى السيدات المترددات الى الاندية الرياضية***،رسالة ماجستير غير منشورة،كلية التربية،جامعة الاقصى، غزة،فلسطين.
- حليمة،بن رحال ***2020: الضغط النفسى و علاقتة بالتوافق المهنى لدى مربيات رياض الاطفال-دراسة ميدانيه بمدينة المسيلة***، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد بوضياف المسيلة.
- رمضان،انصاف و الصباغ، حسن (2000): ***ابحاث فى اصول علم النفس***،ط1،دار العصماء،دمشق، سوريا.

- قبقوب،زوقة و هشام وعيسى(2017):***الثقافة التنظيمية وعالقتها بالتوافق المهني*** ،دراسة ميدانية على موظفي مؤسسة اتصاالت الجزائر – فرع بسكرة .
- العميان، محمود سلمان (2005): ***السلوك التنظيمى فى منظمات الاعمال،*** دار وائل للنشر، عمان، الاردن.
- سمور،احلام(2012): ***المسايرة–المغايرة و علاقتها بالتوكيدية و الاتزان الانفعالى لدى طلبة الصف الحادى عشر،*** رسالة ماجستير غير منشورة،كلية التربية،الجامعة الاسلامية بغزة.
- كركوش،فتيحة(2017):***سيكولوجيهطفل ما قبل المدرسة،*** ط2، ديوان المطبوعات الجامعية،الجزائر.
- مام،عواطف وحنن،عبدالقادر(2018) : ***فاعلية الذات و علاقتها بالتوافق المهنى*** لدى استاذة التعليم المتوسط، دراسة ميدانية بمتوسطة الشهيد سعدي صالح بسيدي عامر–المسيلة–ماجستر.
- ماهر،احمد (ماهر،احمد (2003): ***السلوك التنظيمى،*** مدخل بناء المهارات، الدار الجامعية طبع،نشر، توزيع، الاسكندرية، مصر.
- فحجان، سامى (2010): ***التوافق المهنى و المسوولية الاجتماعية و علاقتهما بمرونه الانا لدى معلمى التربية الخاصة،*** رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعة الاسلامية، غزة.
- محمد، صديق حسين (2001): ***اساليب الضبط الاجتماعى فى الثانويات السورية و علاقته بالتحصيل الدراسى،*** اطروحة دكتوراه، كلية اداب و العلوم الانسانية، جامع دمشق–سوريا.
- الرواحية، بفرية محمد يوسف (2016): ***التوافق المهنى و علاقته بالفاعليه الذاتيه المدركة لدى عينه من الموظفين فى المديرية العامة للتربية و التعليم بماحفظة الداخلية،*** رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة نزوى، كلية العلوم و الاداب، قسم التربية و الدراسات الانسانية.
- الزبيدى، سحر عناوى رهيو (2018): ***القوة التنظيمية و دورها فى تحقيق التوافق المهنى لدى عينة من مدراء و مسوولى الاقسام و الشعب فى كليات جامعة القادسية،*** مجلة الغرى للعلوم الاقتصادية و الادارية، مج 14، ع 2، جامعة القادسية.
- المهنأ، إبراهيم بن مهنا( 2001 ): ***العلاقة بين التجاه نحو التقنية الحديثة و التوافق المهني لدى العاملين في القطاع الحكومي و القطاع الخاص،*** مكتبة إلسكندرية، مصر
- موسى، مطاطه (2010): ***ضغوط العمل و علاقتها بالتوافق المهنى*** مذكرة تخرج لنيل شهادة الماجستر، قسطينة.

- عداد،وسام (2017): ***الامراض المهنية و علاقتها بالتوافق المهنى لدى مدراء التعليم المتوسط و الثانوى***، دراسة ميدانية فى ولاية ام البواقى، الجزائر، اطروحة دكتوراء العلوم فى علوم التربية.
- العكر، محمد عاطف و ندى، خالد أبو (2017): ***توفير الإلحتياجات التدريبية وبيئة العمل كمنبئات للتوافق المهني لمعلمي التربية الخاصة***، مجلة التربية وعلم النفس، جامعة الاقصى، فلسطين، مجلد25 ،عدد4.

**سەرچاوە فارسیەکان:**

**کتێبەکان**

- پارسا،محمد(2013): ***انگیزش و هیجان***،چ2 مرکز چاپ و انتشارات دانشگاه پیام نور.
- شاملو،س (1382)، ***بهداشت روانی***، تهران،رشد.
- علیرضا اقایوسفی و همکاران (1391): ***روانشناسی عمومی*** ؛ دانشگاه پیام نور،۱.ط6.
- گنجی،ح(1391): ***روانشناسی عمومی***، چاپ 58، تهران: ساولان.
- گیتی،همتی راد (2017): ***انگیزش و هیجان***، مرکز چاپ وتوزیع داشنگاه پیام نور، چاپ1،ایران.
- لطف ابادی (2015): ***رشد کاربردی نوجوانی و جوانی سازمان ملی جوانان***، تهران. (وەرگیراوە لە: سالار عبدلملکی و ئەوانی تر(2015):*بررسي رابطه* جو *عاطفي خانواده و کنترل عواطف با گرایش به اعتیاد*، مجله خانواده پژوهش،2016.65،ژ.48).

توێژینەوەکان:

- زردخانه، اکبری،رستمی،وزارعان(1386): ***رابطه هوش هیجانی و میکانیزمهای دفاعی با احطیاد***، فصلنامه روانشناسی ایرانی.
- بخشی پور،ع.و دژکام،م.(1384): ***تحلیل عاملی تاییدی مقیاس عاطفه مثبت و منفی***، مجله روانشانسی تبریز شماره 36،صحفه365-351.
- شهرام واحدی، تورج هاشمی، جواد عینی پور: ***بررسي رابطه کنترل هیجانی و تنظیم شناختي هیجان با باورهای وسواسی دانش آموزان دختر دوره متوسطه شهر رشت***12013؛ شماره2.
- هاشمی، زوجوکار(1392): ***مدلیابی علی تاباوری هیجانی؛ نقش دلبستگی به والدین و همسالان، راهبردهای مقابلەای و تنظیم شناختی هیجانات***، مطالعات روانشناختی دانشکده علوم تربیتی و روانشناسی دانشگاه الزهرا.

سێیەم: زمانی ئینگلیزی

- Baron,R(1998):*PSYCHILOGY.ALLYN AND BACON*. وەرگیراوە لە: ( علیرضا اقایوسفی و همکاران،١٣٩١: روانشناسی عمومی ؛ دانشگاه پیام نور،١٣٩١.ط٦ تهران٣٤٧).
- Bhagat, V, Simbak, N, & Haque, M. (2015): I*mpact of emotional*.
- Coon,D.(1997):*essential of psychology: exploration and applicatio*n. West group publisher.
- Dalgleish,T.(2004): *The emotional brain*. Nature Reviews Neuroscience.
- Davidson, R. J., Fox, A., & Kalin, N. H(2007): ***Neural bases of emotion regulation in nonhuman primates and humans***. In J. J. Gross (Ed.) Handbook of emotion regulation, New York, Guilford Press.
- Dunham Y, Baron AS, Banaji MR(2008): **the Development** ***of Implicit Intergroup Cognition***. وەرگیراوە لە (سمیه جان نثاری،علی شاکر دولق :٢٠١٨: نقش کنترل عواطف، بهزیستی روانی و رفتارهای خودمراقبتی در پیشبینی کیفیت زندگی بیماران قلبی عروقی، مجله علمی پزوهشی دانشگاه علوم پزشکی شهید صدوقی یزد،27).
- Ekman, E (2013: ***Cultivating Emotional Balance, Structure, Research, and Implementation***. University of California, San Francisco.
- Eslinger,pJ, Parkinson, K,& Shamay,SG.(2002): ***Empathy and Social,emotional factors***. Current opinion in neurology .
- Eysenk,MW& Flangan,c (2001):*Psychology for A2 Level*. Psychology press.
- Fredrickson (2003): ***the value of positive emotions: The emerging science of positive psychology is coming to understand why it's good to feel good***. American scientist.

- Gratz& Roemer (2004): ***Multidimensional assessment of emotion regulation and deregulation: Development, factor structure, and initial validation of the difficulties in emotion regulation scale***. Journal of Psychopathology and behavioural assessment.
- Gross JJ(2002): ***Emotion regulation: Affective, cognitive and social consequences. Psychophysiology***.
- Gross, J.J. and John, O.P (2002): ***Wise Emotion Regulation*** .In L. Feldman Barrett, and P.salocey (Eds).The Wisdom in feeling: Psychological processes in Emotional Intelligence, New York :the Guild ford press.
- Hareli ,S.,& Weiner ,B.(2002): ***Social emotions and personality inferences*** : Ascaffold for a new direction in the study of achievement motivation. Educational Psychologist.
- Hockenbury,D.h(2003): ***psychology***, Worth publisher.
- Judge, T.A., & Bono, J.E. (2001): ***Relationship of core self-evaluations traits--self-esteem, generalized self-efficacy, locus of control, and emotional stability--with job satisfaction and job performance***: a metaanalysis. The Journal of applied psychology.
- Lazarus , R.S.(2001): ***Relational meaning and discrete emotions***, Psychological Newsletter, New York University.
- Leknes,S, Brooks ,J.C.W, Wiech, K,and Tracey(2008): ***Pain relief as an opponent process: a Psychophysical investigation***. European Journal of Neuroscience.

- Li L, Zhu X, Yang Y, He J, Yi J, Wang Y(2015): *Cognitive Emotion Regulation: Characteristics and Effect on Quality of Life in Women* **with Breast Cancer**. Health Qual Life Outcomes.
- Murray,E.j(1964): *Motivation and emotion*. Prentice hall inc.
- O'Neill (2015): *A correlational study examining the relationship between attachment styles and emotion regulation in adult inpatient Marijuana Users*. doctoral dissertation, Grand Canyon University.
- Pekrun,R.(2011): *Emotions as drivers of learning and cognitive development*.
- Plutchik,R.(2002): *Emotion and Life* , American Psychological Association .
- Purnamaningsih, E. (2017): *Personality and emotion regulation* strategies. International Journal of Psychological Research.
- Rathus, s.A (2001): *essential of psychology*. Harcourt college publishers.
- Reisenzein,R.(2006):*The Schachter theory of emotion* :Two decades later. Psychological bulletin.
- Riggio,Ronald E (2005): *The Social Skills Inventory (SSI): Measuring Nonverbal and Social Skills, the sourcebook of nonverbal measures: going beyond words*/edited by Valerie Mansurov. Lawrence Erlbaum Associates, Mahwah, New Jersey, Inc.

- Russell,J.A (2003): ***Core affect and the Psychological construction emotion***, Psychological review.
